

محەمەد حاجی کەریم

# گۆڕان، یان گوتاری دووبارەبوونەوە

ئایە ئێمە خاوەن پرۆژەیەکی تازەگـــــەرین، یان چەندە توانیومـــانە تازەگەری لەدروشمەوە بگوازینەوە هەناوی کۆمەڵگا و لە جەوهەرەوە کار بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە بکەین؟.

هەرچی دەیبینین و دەبیستین، ئەوەی قسە دەکات و دەنووسێت، خۆی وەك تازەگـەر یـان نوێگـەرێك وێنادەکـات. بـەلای هەمووانـەوە گـۆڕان پێویـستە و مانەوە لەچوارچێوەی کارێك، یان درێژبوونەوەی پرۆژەی رابردوو لەئێستـادا هـەوڵێکی بـێ بەهایـە. ئـەوەی بۆچـوونێك فرێـدەدات، وای لێکـــدەداتەوە ئـــەوەی ئـــەو دەیڵێت، جیـــاوازە لەگـەڵ هەمـــوو گوتنـــەکانی تر، لــــەکـــارێکی هونەریـدا ئیدیعای نوێگـــەری و بەرهەمێکـی نوێدەکات، لە دەقێکـی ئەدەبی پێی وایە موعجیزەیـەکی خوڵقانـدووە. قسە لەگـەڵ سـەلەفییەك دەکـەیت، وای بۆدەچێ کەسێکی خاوەن ئەزموونە و بۆچوونەکانی سـەد دەرسـەد راسـتن و بەرامبەرەکـەی زۆر لەدواوەیـە. زۆربـەمان لـەژێر دەمـامکی نوێخـوازی و گـۆڕان و نوێبوونـەوە، پـرۆژە و بۆچـوون و رەفتارەکـانمان دەشـارینەوە و ئیـدیعای تازەبوونــەوە دەکــەین، کەچـی لـە ژێـرەوە ئینتیمامـان بـۆ کۆنـەخوازی رێگـای پێشکەوتن و نوێبوونەوەمان لێـــدەگرێ.

زۆربـــەی پرۆژەکان لەژێر نـــاوی گۆڕان و نوێبوونەوە رادەگەیندرێن، بەڵام دواجــــار وەك دروشـــــمی بێ نـــاوەڕۆك دەمێنەوە و ناچنە خانەی تازەبوونەوە. ئەوحاڵـەتە رێك ئەوەمان پێدەڵێت، لای هەمووان مەیلێك بۆ گۆڕان ئامادەیی هەیە، بەڵام بەترسەوە، ئەوەنیـە سـەلەفییێك بـە شـانازییەوە وەك خـاوەنی بیرۆکـەی گـۆڕان و پێـشکەوتن خـۆی نمایشدەکات. لەگەڵ هەموو ئەم حاڵەتانـەش گۆڕان و تازەگـەری بـە شێوەیەك لەشێوەکان دەردەکەوێت، بەڵام لەسەر ئاستێکی بچووك، نەوەك فراوان و گشتگیر. نکۆڵی لـەوەناکرێت بەدرێـژایی مێـژوو ژیـان بـە قۆنـاغی جیاجیـادا تێپـەڕیووە. قۆنـاغی ئـەمڕۆ لـە دوێنـێ پێشکەوتووترە، بەدڵنیایشەوە قوناغی سبەی لە ئێستا پێشکەوتووتر دەبێ. رەوڕەوەی ژیـان ڕووی لەگۆڕانـە، بـەڵام ئـاخۆ پرۆسـەی گـۆڕان لەخۆیـەوە روودەدات، یـان هێزێکـی مـەعریفی و فیکری لەپاڵدایە؟.. هەڵبـەت گۆڕان بەندە بە ئاستی کارو پرۆژەی تاکـەکانی کۆمـەڵگا، بەنـدە بـە ئاسـتی هوشـیاری و دونیـابینی و خوێندنـەوەیـەکی رەخنـەگرانـەی رابـردوو و شـرۆڤـەکردنێکی زانستیانـەی ئێستا. کـەوابوو پەیوەنـدی گـۆڕان و مـرۆڤ پەیوەندییـەکی ئۆرگانیـەو، هـەموو ئاماژەکـانی نوێبوونـەوە وەسـتاونەتە سـەر ئاسـتی بەرهـەمی تـاك و تێـڕوانین و پرۆژەیەکی جیددی، کە هـەڵگری رەهەنـدی فیکری و رۆشنبیریی قۆنـاغی خۆیـەتی. ئینجا ئەشـێ بپرسین گۆڕان چەندە لەکۆمـەڵگای کوردیـدا بوونی هەیە، تاکی کوردی چەندە بە پەرۆش نوێبوونـەوە و نوێگەریـە، یان چەندە کار بۆ ئاینـدە دەکات؟.. بێگومـان نـاکرێ کۆمـەڵگای کوردی لەنەخشەی گۆڕان بکەینە دەرەوە، ناشکرێ گۆڕانی ئێرە بە گۆڕانێك بزانین، کە هەڵقووڵاوی هەناوی کۆمەڵگابێت، ئەتوانین بڵێین پرۆسەی گۆڕان لـە وڵاتـی ئێمـەدا ئەوەنـدەی لاساییەکی کوێرانـەی دەوورووبـەر یـان رۆژئاوایـە، چارەگی ئەوەنـدە گـۆڕانێکی خۆماڵی نیـە. گـۆڕان و نوێبوونـەوە پێویستی بە شوناسێکی تایبەتمەند هەیە، پێویستی بە پرسیار و هوشیاریەکی رەخنەگرانەی هەڵقولاوی مێژوو و ئێستا هەیە.

تازەگەری یان گۆڕان رەشکردنەوەی دوێنـێ نیـە، سڕینەوەی هـەموو بەهـا و پرۆژەکـانی رابـردووش نیـە، وەك هەنـدێك کـەس بـۆی دەچـن، گـۆڕان تەجاوزێکـە بـۆ سـەر دوێنـێ، خوێندنەوەیەکە بۆ مێژوو و مامەڵـەی مرۆڤ بە چاك وخراپیـەوە. بەهەڵـە دادەچین ئەگـەر پێمان وابـێ گـۆڕان واتـا رەفزکردنـەوەی سـەرلەبەری مێـژوو، یـان رابـردووی میللـەتێك. گەڕانـەوە بـۆ خوێندنەوەیـەکی هەمەلایەنـەی سبەی واتـا بیناکردنـەوەی ژیـان بەشێوازێکی جوانتر. هەرقۆناغە و خاوەن مۆرکی تایبـەت بەخۆیـەتی و هـەڵگری دیدێکی پێشکەوتوانەیە، لەگەڵ تێپـەڕبوونی زەمـەن فیکر و دنیا بینی پتر سەرهەڵدەدات.(هیگل) وای دەبینێ، کە مێژوو بەگشتی دیمەنە گۆڕاوەکانی بریتییە لـە پرۆسـەی پێشکەوتن و دەرکـەوتنی فیکر. (محەمەد عابد الجابری)یش دەڵـێ: پرۆسـەی مێژوو لەهـەناوی خۆیدا پرۆسـەیەکی لۆژیکییـە، گواستنەوەش لـە پرۆسـەیەکی مێژووییـەوە، بۆ پرۆسەیەکی مێژوویی دی، بریتییە لە گواستنەوە لە قۆناغێکی لۆژیکییەوە بۆ قۆناغێکی لۆژیکی دیکە لە سیاقی زەمەندا).

ئەکرێ بڵێین پرسی نوێگـەری یـان گـۆڕان مەترسـەك نیـە بەسـەر مێـژوو، یـان کەلـەپوور و هەنـدێك بـەهای کۆمەڵایـەتی، کە لای هەنـدێك کـەس نوێبوونەوە بە زیانی مێژوو ئەگێڕنەوە، بۆیە هەر هەنگاوێك بە ئاراستەی نوێگـەری ئەخەنـە ژێـر پرسیاری بێمانـا. گـۆڕان و تازەگـەری بەنـدە بـە سەرکەوتنی کولتوری گفت و گۆ و خوێندنەوەی جیاوازییەکان، بەندە بەدنیابینی و دروستکردنی مەیلی تازەبوونەوەی یەك بە یـەکی تاکـەکان، بـە تایبـەت لـە رێـی پرۆسـەی پـەروەردە و سیـستەمی کۆمەڵایـەتی. عـەقڵێك لەڕوانگـەی نەریتگەرییـەوە سـەیری ژیـان بکـات، هەناسـەدانی هەناسەیەکی کورتـە و بینینـی بینینێکـی کـزو تاریکـە. بـە پێـچەوانەوە عـەقڵێکی کـراوە هـەموو دەرگـاو پەنجـەرەکانی پێشکەوتنی بـەڕوودا دەکرێنـەوە و بینینیشی بۆ ژیان بینینێکـی ئیستاتیکیانە و ژیرانەیـە. لێرەوە جیاوازییـەکی جەوهـەری لـەنێوان هـەردوو بـەرەی کۆنخـوازی و نوێگەری دەردەکەوێت.

ناکرێ بە بیانووی داکۆکی کردن لـە نـەریت و بـەها بێماناکـانی کۆمـەڵی کوردەواری، بکەوێتە سەنگەری گۆڕان و نوێگـەری. پرۆسـەی گـۆڕان پەیوەندییەکی گرێدراوی قۆناغەکانە، درێژکردنەوەی دیاردەو دەرکەوتە جوانەکانە لە فەزایەکی جوانتر و جوانتر، دروستکردنەوەیەکی تازەترە لە فۆرم و ناوەڕۆکێکی باشتر.

( ئۆگست کۆنت)پێی وایە بیر و باوەڕەکان بەهێرشکردنە سەریان نامرن، بەڵکو ئەو کاتە دەمرن، کە بسەلمێنرێت بێکەڵکن و پێویست نین. ئیتر ئێمە چەندە توانیوومانە بەشێوەیەکی رەخنەگرانەی عەقلانی خوێندنەوەمان بۆ رابردوو هەبێ، ئەوەیان شتێکی ترە..؟!. ناکرێ چیتر لەبەرامبەر جیهانی تازەدا بەدەستێکی خاڵی سەیری ژیان بکەین.. ئەگـەر نـەتوانین وەڵامـی کێشە فیکری ومـەعریفی و کۆمەڵایەتییـەکان بدەینـەوە، دەبینـە خاوەن گوتارێك، کە گوتاری سەلەفیەتە، گوتارێکە هەمیشە خۆی دووبارە دەکاتەوە و لەدوێنێ دەژیت.

# گۆڕان لە هزری تاکی کورد، یان لە بنەما ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردی



ئـیرۆن عــومـەر

## ڕەنگبێ زۆر بە هەڵەدا چووبین

ئەگەر پێمان وابێت بە زیاتر بوونی ژمارەی ڕۆشنبیران و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری، گۆڕانی کولتوری و کۆمەڵایەتی بەدی بێت و کۆمەڵگا پێش کەوێت، بەو پێیەی ڕۆشنبیر کەسێك نی یە داینەمۆی گۆڕانی کۆمەڵگا خێراتر بکات، بەقەد ئەوەی تایبەتمەندی مرۆڤی ڕۆشنبیر لەوەدایە، کە واقیعی کۆمەڵایەتی باشتر لە کەسی ئاسایی کاری تێ دەکات و زیاتر و باشتر لە کەسی ئاسایی قسە دەکات و بیر دەکاتەوە و خودی واقیعەکە قبوڵ یان ڕەتدەکاتەوە و شوێن دادەنێ لە سەر لایەنی فەرهەنگی ئەو کۆمەڵە کەسەی، کە لەناویان دا دەژێت، نەك کولتوری کۆمەڵگاکەی بەگشتی، لەبەر ئەوەی ئەگەر لایەنە تیۆریەکەی ئەو بابەتە وەرگرین تێدەگەین گۆڕان لە کولتوری هەر کۆمەڵگایەك شتێك نییە، جگە لە گۆڕان لە بنەما ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کۆمەڵگایە، کەواتە کاراکتەری سەرەکی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کلتوری کۆمەڵگا بنەما ئابووریەکانی و شێوازەکانی بەرهەمهێنانیەتی، لە هەمووشی دیار و ئاشکراتر(کار) بە شێوە جۆربەجۆرەکانیەوە لە بوارە جۆر بەجۆرەکان، ئەمە وێڕای کاراکتەرێکی تری گرنگ و پلە دوو ئەویش هێرشی کولتوری خۆرئاوایی بۆ سەر هەموو کولتورە جیاوازەکان و کارلێکردنیان. کاریگەری ئەو دوو کاراکتەرەش بەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا وەك یەك وایە، بۆیەش دەبێ لە باسی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا، باس لە ڕۆڵی هەموو تاکەکانی بکەین، نەك توێژێك وەك ڕۆشنبیران یان گەنجان یان سیاسیەکان یان دەسەلات، کۆمەڵگای کوردی بەو هەل و مەرجەی کە ئێستە پێیدا تێدەپەڕێت لە سەر و بەندی کۆتایی هێنان بە قۆناغی داخراوی و سەرەتای قۆناغی کرانەوە دایە، کە ئەمەش بەهەموومانایەك گۆڕان دەگەیەنێت لەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و ئابووریە کۆنکریتییەی، کە چەندین دەیە بوو کۆمەڵگا خۆرهەلاتیەکانی بە کۆمەڵگای ئێمەشەوە لە جوولە خستبوو، بۆ سستی یان خێرایی ئەو گۆڕانەش دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو دوو کاراکتەرەی لە سەرەوە باسمان کردن. بێگومان ئامادەیی ئەو دوو کاراکتەرە بەیەکەوە خێرایی پرۆسەکە زیاتر دەکا و ئامادەیی یەکێکیان و غیابی ئەوی تریان سستی پرۆسەکە پیشان دەدات، کە بەداخەوە ئەوەی دووەمیان واقعی حاڵی کۆمەڵگای ئێمەیە، واتا کاراکتەری دووەم کە کارلێکردنی کلتوری خۆرئاواییە ئامادەیە و کاراکتەری یەکەم، کە گۆڕانە لە شێوازی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی ئامادەییەکی زۆر لاوازی هەیە، بەو جۆرەش گۆڕانی ناسروشتی جێ بە گۆڕانی سروشتی لەق دەکات، گۆڕانی سروشتی ئەو گۆڕانەیە کە لە هەناوی کۆمەڵگایەکی دیاری کراو لە دایك دەبێت بەبێ کارتێکردنی هێزە دەرەکیەکان وەك پێشکەوتن لە هۆیەکانی بەرهەمهێنان و تەکنیکی خۆماڵی، ناسروشتیش لە ئەنجامی کارتێکەرە دەرەکیەکان بەدی دێت وەك داگیرکردن یان ئیستیعمار یان مۆنۆپۆلی کۆمپانیا گەورە دەرەکیەکان و وەرگرتنی ئیمتیازاتی کارکردن و دەسگرتن بەسەر بازاڕدا، دەکرێ هەر دوو گۆڕانیش سروشتی و ناسروشتی بەیەکەوە ڕۆڵ بگێڕن لە پێشخستنی

> **گۆڕانی سروشتی ئەو گۆڕانەیە، کە لە هەناوی کۆمەڵگایەکی دیاری کراو لە دایك دەبێت، بەبێ کارتێکردنی هێزە دەرەکیەکان، وەك پێشکەوتن لە هۆیەکانی بەرهەم هێنان و تەکنیکی خۆماڵی، ناسروشتیش لە ئەنجامی کارتێکەرە دەرەکیەکان بەدی دێت.**

کۆمەڵگایەکدا کەئەم حاڵەتەیان خێراتر و سەرکەوتووتریشە. بەسەرنج دان لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵی کوردستان بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد تا ئاستێکی زۆر لەگەڵیدا دێتەوە، کەوابوو تاکی کورد لەکوێی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابووریانە دەوەستێ ؟! لەو جێگایەی شوێن لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەجێدێڵێت، یان لەو جێگایەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی شوێنی لەسەر دادەنێت، ئایا ئەو میکانزمە چییە کە تاك بەکاری دێنێت بۆ ئەوەی شوێن پەنجەی دیار بێت لە پرۆسەی گۆڕانەکە ؟! بێگومان ئەو میکانزمە سەرەکیە بریتییە لە کار و بەرهەم بە شێوە جۆربەجۆرەکانیەوە و پێگەی تاك لە بواری بەرهەمهێنان دا. لەسەرەوە باسی شێوەکانی کارکردنمان کرد و لێرەشدا دووبارەی دەکەینەوە کارکردن ئەو پێوەرەیە کە ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگاکەمانی پێ دەپێورێت و لە هەڵس و کەوتیان دا ڕەنگ دەداتەوە، هەرتاکێك لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە یەکێك لە دوو شێوەی کارکردن پابەندە، یەکەم کارکردن بەمەبەستی دەستەبەرکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیان، دووەم کارکردن وەك ئەرکێکی کۆمەڵایەتی تاکەکان. لە حاڵەتی یەکەم دا بەرژەوەندیەکانی تاك خاڵی سەرەکی ململانێکانە و تاك تا ئەوپەڕی توانای لەبەرامبەر ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی بێ ئیلتیزامە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگاکە پەیوەندیەکی ئۆرگانی نییە، بەڵکو تاك تا ئەو جێگایەی لە قازانجی دایە کۆ فەرمانەکانی کۆمەڵگا جێبەجێ دەکات، ترس لە بەدەست نەهێنانی تەواوی پێداویستیە سەرتاییەکان وای لێ دەکات بە دوای سەرچاوەیەکی باشتری داهات دا بگەڕێت، نەك لەبەرچاو گرتنی بەهای کۆمەڵایەتی کارێك یان پیشەیەك، نمونەی هەرە دیار و زیندووش لەو ڕووەوە لە کۆمەڵگای ئێمە دیاردەی بە لێشاو وازهێنان لە پیشەی مامۆستایەتی و تەندروستی و...ڕوو کردنە پیشەی پۆلیسی یان پێشمەرگایەتی یان. لە حاڵەتی دووەم دا واتە کارکردن وەك ئەرکێکی کۆمەڵایەتی تاك، ئەو قۆناغەیە لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری کە گۆڕان بەهەردوو جۆرەکەیەوە سروشتی و ناسروشتی لە ئەنجامی کارتێکردنی هەردوو کاراکتەرە سەرەکیەکە واتە گۆڕان لە شێوازی بەرهەمهێنان و بەریەك کەوتن لەگەڵ کولتوری خۆرئاوایی بەدی هاتووە، لەو بارەدا ڕۆڵی تاك ڕۆلێکی زیندووە لەکۆمەڵگاکەیداو تاکێکی وەئاگا هاتووە و کارکردنی وێڕای دەستەبەرکردنی پێداویستیە سەرکیەکانی ژیان ئامانجی تریشی هەیە، وەك بەشداریکردن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کلتوری و ماددی کۆمەڵگاکەی و بیناکردنی دام و دەزگا کۆمەڵایەتیەکان و دروست کردنەوەی پێوەندی نێوان خۆی و کۆمەڵ لەسەر بنەمای ئەرك و مافەکان، وێڕای نەشونمای دیموکراسی و بەهێز بوونی پێگەی دام و دەزگا مەدەنیەکان و فراوان بوونی سنووری ئازادیەکان و لیبرالیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بێگومان لە بارێکی کۆمەڵایەتی وا پێشکەوتوودا ململانێکان لە ڕێگای دەنگی گشتی یان بەمانایەکی تر لە ڕێگای کۆدەنگی تاکەکان یەکلادەبنەوە، کەواتە دەتوانین بڵێین لیبرالیزم و ژیانی مۆدێرن بەرهەمی دوای تەواو بوونی قۆناغی دەستەبەر کردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی تاکەکانە . بەلام لەو بارەدا کە کارکردن بەمەبەستی دەستەبەرکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان کاری زۆربەی هەرەزۆری تاکەکانی کۆمەڵگایەك بێت ئەوا باسێك و نیشانەیەك لە گۆڕانی کولتوری وەك دەرەنجامێکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەدی ناکرێت، بەڵکو کۆمەڵگا کۆمەڵگایەکی چەپێنراو و قەیراناوی و پڕ لە کێشەیە، کولتور کولتورێکی تۆزلێنیشتوو و هۆشیاری کۆمەڵایەتی تاکەکان تا ئاستی نەبوون لە خوارەوەیە، ئابووری ئابووریەکی داتەپاو و داهاتی گشتی و داهاتی تاکەکان لە خوارەوەیە و کۆمەڵگا کێڵگەیەکە بۆ ئەو کەس و هێزانەی دەتوانن بە ئاسانی دەسەلاتی تێدا پەیدا بکەن، لە وەها کۆمەڵگایەك دا هەر ململانێیەك سەرەنجام بە کاری توند و تیژی و خوێن ڕشتن تەواو دەبێت، تا ئەو جێیە ڕەهەندەکانی تاك دەسەلاتی توخمە سەرەکیەکانی سیستمی سیاسی کۆمەڵایەتی پێك دەهێنن، دیموکراسیەت و فرەیی تەنانەت بەرنامەی ئەو هێزە ناڕازیانەش نییە، کە لە دەرەوەی دەسەلاتن و لە ململانێ دان و زۆربەیان خەسڵەتی ئایینی یان مەزهەبی یان خێڵەکی یان نەتەوەپەرستیان هەیە، کولتوری باو کولتوری بێ مافی و کوشتنی جیاوازی و کولتوری ئیستیبدادە، سەبارەت بە بزاوتی ڕۆشنبیریش لەو بارەدا بە



هیچ جۆرێك ناتوانین باسی لێوە بكەین، نەك لەبەر ئەوەی بوونی نیە، بەڵكو لەبەر ئەوەی كاراكتەری بەهێزتر لە مەیدانەكەدا بوونیان هەیە، بۆیە ناكرێت چاوەڕوانی پەرەسەندنی فەرهەنگی و بەتایبەتی بەرهەمی زانستی و مەعریفی بین لە بزاوتی ڕۆشنبیری كۆمەڵگایەك كە هێشتان تاكەكانی پێداویستیە سەرەتاییەكانی ژیان ئامانجی كاركردنیانە. لەبارێكی كۆمەڵایەتی بەو جۆرەدا تاك هیچ ئینتیمایەكی ڕاستەقینەی نیە، ئینتیمای تاك تەنها بەو هێز و لایەنانەوەیە كە سەرچاوەی بژێوی ئەویان لە دەستە، بە بڕانی سەرچاوەی بژێویەكەی ئینتیمای ئەویش لەگەڵیدا كۆتایی پێ دێت، لەو كۆمەڵگایانەی كە بە ئاستێكی باش لە پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی و ئابووری گەیشتوون دیاردەیەك هەیە كە پێی دەگوترێت نامۆ بوونی تاك، كە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت تاك لەو كۆمەڵگایانە لەلایەكەوە تاكێكی فرە ئینتیمایە و پێڕا ناگات ئیلتزاماتەكانی بەرامبەر هەموو ئەو شتانە جێبەجێ بكات، كە ئینتیمای هەیە بۆیان. لەلایەكی تریشەوە خێرایی لە دەركەوتنی دامو دەزگای جۆر بە جۆر و مۆدێلەكانی سیستەمی بەڕێوەبردنی كۆمپانیا بەرهەمهێنەكان و جۆرەكانی ڕیكلام و پێشكەوتنی لە پێوان نەهاتووی زانست و تەكنەلۆژیا. بەڵام لێرە نامۆ بوونی تاك لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، كە هیچ شتێك نی یە ئینتیمای پێوە بكات. تاكێكی هەمیشە چاوەڕوانە بۆ پێشهاتە كۆمەڵایەتی و ئابووریەكان و خاوەنی هیچ پرۆژەیەكی بەرهەمهێنانی ماددی و كۆمەڵایەتی نییە، تاكێكی ئاراستەكراوە بەپێی ویستی ئەو دەسەڵاتەی كۆمەڵ بەڕێوە دەبات، تاكێكی داماڵراو لە ئیرادە و حەزە ئەسڵیەكانی خۆی، بۆیە ناتوانێت هیچ شتێك بە كۆمەڵگاكەی ببەخشێت، مەگەر ببێتە سەنگەرێك كە ئەو هێز و لایەن و بیرو باوەڕانە لە پشتیەوە خۆیان حەشار بدەن، كە هەڵگری فكری توند و تیژی و توندڕەوی ئایینین و دژبە گۆڕانی كۆمەڵگان .

بە دڵنیاییەوە ئەمڕۆ وێڕای دەركەوتنی گۆڕان لە بنەما ئابووری و كۆمەڵایەتیەكانی كۆمەڵگای كوردی و پێشكەوتنێكی نیسبی لە شێوازەكانی بەرهەمهێنان، هێشتا لەسەرەتای قۆناغێك داین، كە دەبێ تێیدا تاكی كورد بیر لە ڕاپەڕاندنی ئەركە كۆمەڵایەتیەكانی بكاتەوە، هێشتان بەشێكی زۆر هەن لە تاكەكان كە تەنانەت لە پێداویستیە سەرەتاییەكانی ژیان بێبەشن، بارێكی ئابووری جێگیر لە ئارادانییە، كێشەی گەورەش لەوەدایە هەمیشە بیركردنەوە لە چارەسەری كێشە ئابووری و كۆمەڵایەتیەكان دەخرێتە دوای بیركردنەوە لە كێشە سیاسیەكان، فراوان بوونی چوارچێوەی كار و كەمبوونەوەی كێشەی بێكاری لە ئارادایە، بەڵام هێشتان یەكێك لە خەسڵەتەكانی ئابووری كوردستان ئەوەیە كە شێوازی بەرهەمهێنانی جۆربەجۆر و دژبەیەكی تێدا بەدی دەكرێت، وەك شێوازی بەرهەمهێنانی لادێیی پشت بەستوو بە هۆیەكانی بەرهەمهێنانی دواكەوتووی وەك بەكارهێنانی ئاژەڵ و ئامرازە كۆنەكانی كاری كشتوكاڵی و توانای بەدەنی مرۆیی، كە ئەمەش زیاتر شێوازی بەرهەمهێنانی فیودالییە ، بۆیە زۆر ئاساییە كە هێشتان بەشێكی زۆری گوندنشینانی كوردستان سەردەمی خێڵەكییان تێنەپەڕاندبێ و هەڵگری ئەو نەریتە بن. لەلایەكی ترەوە شێوازی بەرهەم هێنانی بازرگانی نوێ لە شارەكاندا و مامەڵەكردن لەگەڵ سەرمایەی دەرەكی لە ڕێگای كۆمپانیا بازرگانی و پیشەسازیە دەرەكیەكان، كە ئەمڕۆ بە لێشاو ڕوویان لە كوردستان كردووە، ئەمەیان زیاتر شێوازێكی بەرهەمهێنانی نوێیە و لە ژێركاریگەری دەرەوەیە و توێژێكی بزنسمانی نوێی لە كۆمەڵگای كوردی بەرهەمێناوە، كە ئەمانە لەگەڵ كۆمپانیا ناوخۆییەكانی پڕۆژەكانی ئاوەدان كردنەوە و بیناسازی دەستیان بەسەر بەشێكی زۆری ئابووری كوردستان داگرتووە، بەڵام بەشی هەرەزۆری تاكەكان ئەمڕۆ لە بواری بەرهەمهێنانی خزمەتگوزاریدا كاردەكەن، ئەم شێوازە بەرهەمهێنانە جۆربەجۆرانە وای كردووە كۆمەڵگای كوردی هەڵگری كولتورێك بێت لە كۆی ڕەفتاری تاكەكانی، كە لە شوێنێك بۆ شوێنێك بە پێی جیاوازی شێوەكانی بەرهەمهێنان دەگۆڕێت، تا ئێستا نەتوانراوە جیاوازی نێوان شێوەكانی بەرهەمهێنانی لادێیی و شارستانی كەم بكرێتەوە، بۆ ئەوەی جیاوازی شێوەی بیركردنەوە و هەڵس و كەوت و شێوەی ژیانی نێوانیان كەم بكرێتەوە و كۆمەڵگای كوردی بەتێكڕا خاوەنی یەك جۆرە نەریتی شارستانی بێت، سەرەڕای ئەوەی كە لە ساتەوەختی ئێستادا مەیلی بەردەوامی پێدانی ژیان لە لادێیەكان ڕوو لە كەمیە و مەیلی كشان بەرەو شارەكان ڕوو لە زیادییە، تاكی لادێ ڕوو دەكاتە شار و لەوێ دا جێگاو ڕێگای خۆی دەكاتەوە و كار پەیدا دەكات، لەگەڵ خۆشیدا ڕەفتار و نەریتە لادێییەكانی هەڵگرتووە، بەهەمان شێوە لە شاردا پەیڕەویان لێ دەكات، شارەكانی ئێمە توانای ئەوەیان نییە، كە نەریتە لادێیەكان لە ناو كولتوری خۆیاندا بتوێننەوە، بەپێچەوانەوە خەسڵەتەكانی شار لەخەسڵەتە شارستانیەكانەوە دەگۆڕێن بۆ خەسڵەتی لادێیی و كولتوری لادێیی بە سیمای شارەكانەوە دەردەكەوێت، بەتایبەتی ئەو شارانەی تازە دروست بوون و لە فراوانبوون دان .

ئەگەر لێرەدا سەرنجێك لە باری ڕۆشنبیری كوردی بدەین بۆمان دەردەكەوێت، كە سەرەڕای هەموو ئەو بارە ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسیانەش، كە كۆمەڵگای كوردی پێدا تێپەڕیوە، بزاڤی ڕۆشنبیری لەماوەی دە تا پازدە ساڵی ڕابردوو پێشكەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیووە و شتێكی باشی وەسەریەك ناوە لە توێژینەوەی فیكری و ئەدەبی و هونەری و .... ، دەرچوونی ژمارەیەكی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار و كتێب، كە هەرگیز پێشتر ڕۆشنبیریی كوردی ئەمەی بە خۆوە نەدیوە و ئێستاش هەر بەو گوڕو تینەوە لە برەو دایە، بەمەش گۆڕانێكی بەرچاوی لە هزری تاكی كورد بەگشتی و ڕۆشنبیران بەتایبەتی دروست كردووە و مەودای بیركردنەوەی لەلا فراوانتر كردوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئایا توانیویەتی

**كێشەی گەورە لەوەدایە هەمیشە بیركردنەوە لە چارەسەری كێشە ئابووری و كۆمەڵایەتیەكان دەخرێتە دوای بیركردنەوە لە كێشە سیاسیەكان.**

ئاراستەكەری ئەو گۆڕانە بێت، كە لە بنەما كۆمەڵایەتی و ئابووریەكان ڕوو دەدەن، یان لانی كەم توانیویەتی بەر بەو كێشە كۆمەڵایەتی و سیاسیانە بگرێت، كە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لە كوردستان ڕویان دا و كۆمەڵگای كوردیان تا ڕادەیەكی ئێجگار زۆر خستە دواوە، ئایا توانی ئیرادەی هەموو تاكە مافخوراوەكان لە گوتارێكدا كۆبكاتەوە و بلۆك بەندی بكات لە بەرامبەر ئەو هێزانەی، كە هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دان كۆمەڵگا وەك و خۆی و بە نەگۆڕاوی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی بەرهەمی كۆمەڵگا بەپێی خواستەكانی ئەوان دابەشكراوە و بەهیچ شێوەیەك ژیانی تازە و تایبەتمەندیەكانی ژیانی تازەیان وەك دیموكراسی و مۆدێرنیزم قەبوڵ نییە، بێگومان نا، بۆ ؟ لەبەر ئەوەی ئەمە ئەركیان نییە و ئاراستەی كاری ئەوان بەو ئاقارەدا ناڕوات، بەڵكو تاكە بزوێنی داینەمۆی گۆڕانی كۆمەڵایەتی گۆڕانی هەلومەرجی كاركردنی تاكەكانە، لەشێوەی كاركردن بە ئامانجی تێركردنی خود و بۆ شێوەی كاركردن بە ئامانجی بەدیهێنانی پێداویستیە مرۆیی و كۆمەڵایەتیەكان. تاك وەك بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی ئەوەندەی بە بەرهەمی ماددی كاریگەرە و گۆڕان لە ژیانیدا دروست دەكات ئەوەندە وابەستەی ئەو بانگەواز و پەیامانە نییە، كە كۆمەڵگا لەسەر زمانی ڕۆشنبیران ئاراستەیان دەكات، بەناوی بەرژەوەندی گشتی و ڕێكخستنی كۆمەڵگا و بەرژەوەندی نیشتیمان و ڕێزگرتنی شانازیەكان، تاك تا ئەو جێگایە لە كۆمەڵگا یاخی نییە كە بەرژەوەندیەكانی مسۆگەر دەكات، كەواتە ڕێزگرتن لە بەها گشتییەكان و بەها مرۆییەكان دەكەوێتە دوای مسۆگەركردنی بەرژەوەندیەكانی تاك لە لایەن كۆمەڵ. ئاراستەی كاری ڕۆشنبیران بەو ئاقارە دایە، كە شوناسێكی دیاریكراو بۆ كولتوری كۆمەڵگاكەیان بەرهەمبێنن، كە تازە خەریكە وەك كۆمەڵێكی جیاواز لە ناوچەكەدا ناسنامەی خۆی هەبێت، جا چ كۆمەڵێكی دواكەوتوو بێت، كە دەبێ گوزارشت لە دواكەوتوییەكەی بكات، چ هەنگاوی نابێت بەرەو پێشكەوتن، كە دەبێ چۆنیەتی ئەو پێشكەوتنە ڕاڤە بكات، نەك خۆی ببێتە داینەمۆی گۆڕان و پێشكەوتن .

# کۆمەڵگایەکی تر بەڕێوەیە...!

زوبێر رەسوڵ

گشت توێژەر و بیرمەند و هزرڤانە سۆسیۆلۆجی و مێژوویەکان هاودەنگ و کۆکن لەسەرئەوەی کە ڕەوتی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە قۆناغی ئێستادا بە ئاراستەیەکی نوێدا گوزەر دەکا، یەکێك لەو میکانیزمە هەرە کارایانەش کە ئەم کۆمەڵگا نوێیە بەردەوام خۆی پێدیسپلین دەکاتەوە بریتییە لە پرۆژەی گلۆبالیزم بە گشت لایەنە سیاسی و ئابوری و کولتوریەکانیەوە، بەوپێیەی کە ئەم پرۆژەیە پرۆسەیەکی مێژوویی و ئاوێتەیە لەگەڵ شۆرشی زانست و تەکنۆلۆژیا و شۆرشی پەیوەندیەکان (ثورة الاتصالات)دا. سیستەمی زانیاریش دەکەوێتە چەقی ئەم هاوکێشەیەوە...

ئەم کۆمەڵگایە واتا (کۆمەڵگای زانیاری _ information society) دوای کۆمەڵێك قۆناغی مێژووییەوە دێت، کە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی پێدا تێپەڕیوە، هەر لە کۆمەڵگای ڕاو و کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازی و دواتریش کۆمەڵگای پۆست پیشەسازی یاخود زانیاری، واتا کۆمەڵگای زانیاری قۆناغێکە لەدوا قۆناغە مێژووییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، بەو واتایەی کۆمەڵگای پۆست کاپیتالیزم (کۆمەڵگای زانیاری) بەهەمان شێوە وەك قۆناغی پێش خۆی کە کاپیتالیزمە، بازاڕی ئازاد وەك تاکە هاوکاری خۆی بەکاردێنێ، بۆ بەئەنجام گەیاندنی یەکێتی ئابووری، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە کۆمەڵگایە بە هیچ جۆرێك دژی کۆمەڵگای کاپیتالیزم نیە، هەرچەندە دەزگا سەرمایەداریەکانی (institution of capitalism) وەك بانکەکان ڕۆلێکی تا ڕادەیەك جیاواز نابینن، بەلاّم بە دڵنیاییەوە دامەزراوەکانی ئەم کۆمەڵگا نوێیە وەك بونیادە داینامیکیەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و چینە کۆمەڵایەتیەکان و کێشەکانیان جیاواز دەبن لەگەڵ دامەزراوە سەرخان و ژێرخانیەکانی پێش قۆناغی خۆی وەك پرسی پێکهێنانی پارتە سیاسیەکان و گروپە کۆمەڵایەتیەکان و سیستەمی بەها کۆمەڵایەتیەکان و نۆرم و ترادسیۆنە کولتوریەکان و پەیوەستبوونە کەسایەتی و سیاسیەکان (personal and political duty). چەمکی (کۆمەڵگای زانیاری جیهانی _ مجتمع المعلومات الکونی) چەمکێکی تازەیە واتا هێشتا بە تەواوی گەڵاڵە نەبووە لە هۆشیاری زانستیدا، بۆیە تا ئێستا دیاردە و دەرهاوێشتەکانی بە تەواوی ڕوون و ئاشکرانین لای کەسێکی ئاسای، هەرچەندە ڕۆژانەش مامەڵەی لەگەڵدا بکات، چونکە ڕەهەندی تیۆریەکان و ئەنجامە زانستی و سیاسی و کۆمەلاّیەتی و کولتوریەکانی ئەم کۆمەڵگا خێرایە نەك هەر مرۆڤی جەنجاڵ کردووە، بەڵکو ولاّتانیش لەسەر ئاستی جیهانی و سیاسیدا خەریکن بە زۆربەی فۆرم و چەمکە یاسایی و سیاسی و کۆمەلاّیەتیەکاندا دەچنەوە، بۆیە ئێستا پرۆژەی (( ڕێگای زانیاری خێرا)) بۆ برەودان بە پرۆسەی خزمەتگوزاری و بەرهەمە زانیاریەکان بالاّدەست دەبێت و مرۆڤایەتیش دەچێتە قۆناغی هەژموونی مەعریفی (الهیمنة المعرفیة) بە گشت شێوەکانییەوە، بەلاّم ئەم جۆرە زانیاریانە هەرچەند بالاّدەستیش بن بەسەر هێڵکاریەکانی کۆمەڵگادا، بەلاّم لە خاڵێکی سنورداردا قەتیس دەبێت گەر نەگوازرێنەوە بۆ سیستمێکی مەعریفی (episteme system)، چونکە ئێمە ئێستا لە قۆناغێکی گواستنەوەی نیمچە جێگیری ئابووری مەعریفی (economic episteme)داین.

ئەم جۆرە سیستەمەش جۆرێك لە توێژی کۆمەلاّیەتی (sociability group) بەرهەم هێناوە، کە پێیان



لەسەر ئاستی جیهانی لە ئارادایە، بەو مەبەستەی گشت مرۆڤایەتی سوود لەم شۆرشە تازەیە وەرگرێت، بەلاّم ئەمە هیچ لەو خاڵە ناگۆڕێت کە ولاّتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکان ڕێڕەوی ڕەوتی ئەم کۆمەڵگایە دیاری بکەن بە ئاراستەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆر لە ولاّتان هەن تا ئێستاش کێشەیان هەیە لەبەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای کلاسیکیدا.

هەرچەندە تا ئێستاش کۆمەڵێك کێشە هەن کە بە میرات ماونەتەوە لە سەدەی بیستەم و سەردەمی مۆدێرنە، واتا بەرهەمی عەقلن. بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا گشت توێژینەوە ستراتیژی و داهاتووەکان پێمان دەڵێن، کە سەدەی بیست و یەك، مەعریفە تەنیا دەڵێن کرێکارانی مەعریفە. بەلاّم ئەوەی تایبەت بێت بە ئاستی گەشە و فراژووبوونی زانست و زانیاری و کولتوریش، ئەوا بەشێوەیەکی بەرز پشت دەبەستێت بەبەکارهێنانی ڕەوایی زانیاری و ئامێرە پەیوەندیکارەکان. سەرەنجام ئەمەش لە پرۆگرامەکانی خوێندندا ڕەنگدەداتەوە، کە لە سادەترین تابلۆکانیدا بریتییە لە ڕزگار بوون لە سەکۆ کلاسیکیەکانی کۆلێژ (واتا خوێندن لە دەرەوەی یەکەی شوێندا) و پەیوەندیکردن لەگەڵ سەرچاوەی زانستی هەمەجۆر و کتێبخانە ئەلکترۆنیەکان و ... تاد.

پێشکەوتن لە گشت ئەم کایانەدا دەبێتە هۆی شەپۆلێك یان شۆڕشێك بەسەر بوارەکانی خوێندن و توێژینەوەی زانستی، زۆرێك لەم کایە زانیاریانە بە تایبەت تۆڕەکانی گواستنەوەی زانیاری و ئینتەرنێت کاریگەرییێکی قووڵیان دەبێت بەسەر سروشتی مەعریفەی خودی مرۆڤایەتی، ئەمەش لەسەر ئاستی جیهانی زانستدا دەبێتە هۆی سەرکەوتن بەسەر کێشەکانی دابەشبوون و لێکهەڵوەشانەوەی زانست (المعرفة) کە تا سەردەمانێك پانتایی بواری زانستەکانی سەدەی بیستەمی داگیرکردبوو. بەو مانایەی ئێمە دووبارە دەکەوینە بەردەم شێوازی ڕۆشنبیرێکی ئینسکلوپیدی، کە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا باو بوو..

لە دیدگاییێکی تردا دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای زانیاری یاخود پۆست کاپیتالیزم ئەو کۆمەڵگایەیە، کە بریتییە لە زۆری بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ماددی بەرامبەر کەمبوونەوەی بەردەوامی سەرمایەی کۆمەلاّیەتی، واتا ئەو نورم و بەها و ترادسیۆنانەی، کە دەبنە دەرهاوێشتەی ئەم کۆمەڵگایە، کۆمەڵێك بەهای ئامێراوین، بەو مانایەی بەردەوام کاردەکەن لەسەر بارگاویکردنی ڕۆحی مرۆڤ بە بەها ئامێرەکان، لە بەرامبەریشدا کێرڤی سەرمایەی کۆمەلاّیەتی (رأسمال الاجتماعی) وەك بەها و مۆرالە سروشتیەکانی مرۆڤ بەردەوام لە داخوراندندان.

لە سۆنگەی ئەم دید و تێڕوانینەدا پرسیارێك خۆی دەنوێنێت، ئەویش ئەوەیە دەکرێ بڵێین ئەو هێزانەی بوونە هۆی ڕووخانی مارکیسزم وەك باوەڕ و سۆسیالیزم وەك سیستەم، وا خەریکە ئێستا سیستەمی سەرمایەداریش بنکۆڵ دەکەن ؟ بەو مانایەی تۆ بڵێی ڕووخانی کاپیتالیزم بەهۆی میکانیزمەکانی نێو هەناوی خۆی بێت..؟! وەك مارکس دەڵێت پرسیارێکە دەیپسپێرین بە مەحەکی داهاتوو..

سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:.

1- بیتر دارکر، مجتمع ما بعد الرأسمالیة، معهد الادارة العامة، الریاض، 2001.

2- السید یسین، المعلوماتیة و حضارة العولمة، دار النهضة لطباعة و النشر و التوزیع القاهرة، 2001.

3- فرانسیس فوکویاما، التصدع العظیم، بیت الحکمة، بغداد، 2004.

# بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لە دوێنێ نەچێ



جەمال پیرە

مادام جووڵە هێزێکە دەتوانێ بەردەوامیی بەخۆی بدا، مادام ئەو پێگەیەیی ئێمە لەسەریدا وەستاوین و تیایدا ئەمبەروئەوبەر دەکەین، هەستی پێدەکەین و بە بەرچاوی هەموومانندا بۆ هەمیشە زیندەیەو بەردەوام لەنەش‌ونما دایە، کەواتە گۆڕان دەبێتە خووی هەمیشەییمان‌و وەستانیش جگە لە بێمانایی هیچی تر نابەخشێ. ئەوەی کە رۆح بە ژیان دەبەخشێ‌و دەیکاتە خاڵێکی گرنگی مانەوەی بەهادارانە بەتەنها گۆڕانە، ئەوەی کە لەگەڵ مانەوەشدایەو هاندەری سەرەکییەتی تێکشاندنی نۆرمەتیڤەکانن، ئەوانەی کە زۆر جار دەبن بە بەربەستی کرانەوە، حەتمەن وابەستەیی بە رابردوو و سەیرنەکردنی داهاتوو لە قالبێکی تری جیاوازدا، کە خاوەنی هەیمەنەیەکی بەرچاوی سەرزەمینی ئێستامانە لە باشترین حاڵەتدا تەسلیم بوونە بەو ئیرادە هەستکوژانەی زەمانێك دەدەنەوە دەست دیلیی، گەڕانەوەیەکی تر دەدەنەوە بەردەستی ئێستا. هەڵبەتە هەموو مەغزاو ماناکانی تری کە بە ئیحساس‌و دنیابینی‌و جوانناسییەوە بەندن، لەم حاڵەتە دژە گۆڕانەی کە لێی دەدوێین تەفروتونا دەبن‌و لە نێو تەنها بۆتەیەکی ناونراو بە بەردەوامیدا کۆدەبنەوە، کە رەنگبێ مەحاڵ بێت، جگە لە خۆیان هیچی تریان لاپەسند نەبێت و تەمایەکی تری گەشەو جیاوازبوونیان لا دەستبکەوێ. ئەوەی کە ئێمەی مرۆڤ دەخاتە بەردەمی پرسیار بەتەنها بیرکردنەوەیە لە زیندوێتی رۆح بەو مانایەی کە هەموومان لەبنەڕەتەوە خوازیاری مانەوەین‌و لە خەمی نزای جاویدانیدایین، بێڕەچاوکردنی چۆن‌و چییەتی زیندەگییەکە، دیارە ناکرێ لەم فەزا خۆپەرست‌و نابەرابەرییەدا بیر لە بەجوانیکردنی لەحزەکان بکرێتەوە، وەك ئەوەی کە ناشکرێ لەوێوە جگە لە خۆمان دان بە بوونی هەرچی کائینێکی تر هەیە بنێین، بەو پێیە بێ دەبێ مرۆڤ خاوەنی ویست‌و ئیرادەیەکی خۆویست‌و(ئەو)نەویست بێ، ئیحساسێکی مرۆدۆستی تیادا نەبینرێتەوە، ئەوەی راستی بێ رەخنەگرتن لەعەقڵی مرۆڤ مێژوویێکی درێژی هەیە، گەلێك پێش ئەمڕۆ ئەم بابەتە پێشنیارکرابوو، زۆر دەرفەتی تر کە لێرەدا بواری ناوهێنانیانم نییە پێشتر رەخساون‌و لە ئێستاشدا بەهەموو هەوڵێکەوە توانا دەبەخشن تاکو بڕەخسێ، بەلاّم با بزانین مرۆڤی کورد لەکوێی گۆڕان‌و هەڵگری کام گەرای نوێبوونەوەیە؟ کە من لێرەدا هەوڵدەدەم وەکو نموونەیەك هەم بە کورتی باسی لێوە بکەم، هەمیش ئەگەر بوار بێت نیمچە بەراوردێك لەگەڵ پێکهاتەی مرۆڤی کولتووره جیاجیاکانی دەوروبەرمان بکەین. لە راستیدا زۆرجار دووچاری هەمان هەڵوێستی دیمۆکرێتیسی فەیلەسوفی یۆنانی دەبینەوە وەختێ ئەو لە هەوڵی دەرچوون لە جادووگەریی کۆمەڵگاکەی خۆیدا بوو، کە لەو کاتەدا وا باو بوو جادووگەریی دەتوانێ مانگ‌و خۆر بە گوێرەی نیازی خۆیان بیخولێننەوە یان ڕایانگرێ ، دیمۆکرێتیس داناترین مرۆڤی سەردەمی خۆی، ترسی خورافات‌و ئیماژە جادووگەرییەکانی هەبوو، لەوێدا هەوڵی بە ئێستاییکردنی ژیانی دەداو دەیەویست هەرگیز دوێنێ لە ئەمڕۆ نەچێ، ئەوەی کە بەردەوام ئێمەیش سەرقاڵ دەکات خودی ئاسوودەبوون نییە و



نەبووە، ئەوەندەی کورتکردنەوەی ماناکانی بووە بە شێوەیەك، کە زۆر جار لەگەڵ خواستە فەردییەکانماندا تەبا نەبێت، تا ئێستا تیاماندایە لەسادەترین پێناسەکانی زیندەگیدا دوورە و کەمترین بەرامی گۆڕانی پێنەگەیشتووە، تا ئێستا لەناو مرۆڤدا گروپ‌و دەستەی گەورە هەن ناکرێ بخرێنە ناو بازنەی گەشەی مرۆیی‌و بە ئاسانیش لەگەڵ مرۆڤەکانی سەردەمە بەردینییەکان جیاناکرێنەوە، چەقبەستوویی عەقل‌و بوونی رێسایەکی زیندووش بۆ پاراستنیان کە دڵنیام لەهەموو دنیادا هەیەو بەرچاوە، نموونەی سەرسوڕهێنی بە مەهزەلە بوونی کۆمەڵگەی مرۆیین، کۆمەڵە نیشتەجێکانی دوورە شارستانییەتی ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتین‌و هیندو تاد، زیندووترین بەڵگەی ئەم نووسینەی ئێمەن. رەنگە لەوە ئاسانتر بێ ئەگەر پێمانوابێ لەناو ئێمەیشدا گەر وەك گروپیش نەبێ، بەلاّم تاکە تاکە ئینسانی لەم شێوەیەمان دەستبکەوێ، ئیتر چیمان دەستبکەوێ لەم نووسینەدا؟. جگە لەوەی کە دان بەوەدا بنێین هەمیشە ئیرادەیەك زیندووەو دەیەوێ لەم مەملەکەتەی خۆماندا دوێنێ بۆ تا ئەبەد زیندوو بێ‌و ئەمڕۆ‌و سبەینێش شتێك نەبێ، جگە لە دواترین رۆژ.

هەڵبەتە من لەگەڵ ئەوەدام کە راگەیاندنی مەرگی رابردوو نە کارێکی شیاوە، نە ئەوەندەش کارێکی ئاسانە، تابتوانین بێین‌و بمانەوێ مانای بە کۆتاهاتن‌و بە زیندوو راگرتنی چرکەکان ببەخشینەوە، زیندوێتی‌و مردوێتی رابردوو پەیوەندی بەو بیرکردنەوەو تێگەیشتنانەی ئێستای مرۆڤەکانەوە هەیە، ئەوان دەتوانن لە رێگەی تێگەیشتنیانەوە وابەستە بوونی خۆیان لەگەڵ ئێستا‌و رابردوودا یەکلابکەنەوە. لێرەدا نموونەی کۆمەڵێك بەربەستی کولتووریی‌و سیاسیی‌و ئایینی لەبەرچاومانن، کە بەردەوام لە هەوڵی سەندنەوەی مافی بەختەوەریی‌و ئاسودەیی مرۆڤدان، کە پێموایە هێندە ئاشکران پێویست بە ئاماژەکردنیان ناکات، راستییەکەی هەژاریی دنیای رۆحیی مرۆڤی ئێمە بەشێکی گەورەی ملکەچیی‌و بێهێزی خۆمان بەڕێوە دەبات. لەهەرکوێیەك فەزای زاڵ، دنیای بیرنەکردنەوە و تەسلیمبوون بەقەدەر هەبوو، لەوێدا نابەرابەری‌و لاریی‌و سەرپێچییەکان گەشەیان کردووەو واقیع‌و گۆڕانکارییە نوێکانیش ژێرپێ خراون. مرۆڤی ئێمە ئازاد نییە، چونکە کەوتۆتە نێوان کۆمەڵێك هاوکێشەی هێزو دەسەلاّتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین لەم تەڵەزگەیە دەرباز بین دەبێ لەو پەیوەندییانە بکۆڵینەوە، کە دەکەونە نێوان هێزەکانەوە بەبێ شرۆڤەکردن‌و تێگەیشتن لە پەیوەندییەکان مەحاڵە بتوانرێت دەرەنجامەکان بەرجەستە بن، بۆیە ئەزیزم ئێمە لە دنیایەکی پڕ لە حەقیقەتداین‌و دەستمان بە کۆمەڵێك وەهم‌و خەیاڵ‌و لاساییکردنەوە گرتووە، لە دنیایەکی بەرجەستەدا بەردەوام ئارەزووی خۆ ونکردنمان هەیەو لەگەڵیشیدا خۆ بەکەمزانین، ئێرە سەرەتایە و لە گەرمەی شەڕەکانداین.

*jamalp@hotmail.com*

# لاوان لەبەردەم هەژموونی بەناو ڕۆشنبیراندا



سەعدوڵلا برایم خان


یەکێک لە گوتارە سەقەتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی ئێستای کوردستان، یاریکردنە بە کۆنەستی نەوەی نوێ و ئاراستەکردنیەتی بەرەو گوتارێکی تا ئاستێك ئەنارشیزمی، بەوەی کە دەیانەوێت نەوەی نوێ بکەنە پردێك بۆ پەڕینەوە لە دونیایەکی ئیستاتیکاوە بۆ دونیایەکی ئەنتی ئیستاتیکا، واتە پۆلەتیك.

ئەوەی جێگەی داخە ئێستا لە کوردستان ناوی ڕۆشنبیر زۆر بە سادەیی بە بالآی خەڵکا ئەبڕێت، ڕاگەیاندنی کلۆڵی کوردیش لە بیابانێکی نەخوێندەواردایە و بۆتە دەستکەلای گوتارە لووت بەرزەکان. زۆر بە سادەیی و ساویلکەیی ئەم کەنالآنە بونەتە بلندگۆی مرۆڤە لووت بەرز و نەخۆشەکان، کە لەوێوە نەوەی نوێ دەکەنە ئەم تونێلە ڕەشە، کە فەرسەخێك لە تەمەنی بە فیڕۆ دەدەن. بە کۆمەلێك وشەی بریقەدار و گۆڕانکاری و هێنانی توخمە فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوا و لە شێوازێکی کۆپی ئاسادا، دەیانەوێت لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا پراکتیزەی بکەن. کێشە سەرەکیەکە لەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم ڤایرۆسەی، کە ئەم گوتارە لووت بەرزە هەڵگریەتی، واتە ئەم بەناو ڕۆشەنبیرانە، کە یاری بە کۆنەستی نەوەی نوێ دەکەن، خۆیان لەناخدا یەکلا نەبوونەتەوە لەسەر مانیفێستی ئەم گوتارە.

واتە لەبنەڕەتدا باوەڕیان بەو بنەما مەعریفیانە نییە، کە پروپاگەندەی بۆ دەکەن و لاوان سەرمەشقی پۆلەتیك و سیاسەت دەکەن، گوایە پێویستە نەوەی نوێ تێکڵەبەری سترەکتۆرمی کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی و دەسەلآتی کارگێری و ئابووری و ... هتد بگۆڕن. بەوەی کە نەوەی نوێ لە تەمەنی هەرزەکارییەوە واتە لە هەژدە بەرەو سەرەوە دەم لە سیاسەت وەربدا. ئەوەی جێگەی سەرنج و پێکەنینە ئەوەیە ئەگەر بێت و ئێمە لە دیالۆگێکدا ئەم بەناو ڕۆشەنبیرانە بدوێنین و پرسیاری ئەوەیان لێبکەین، ئاخۆ ڕۆژئاوا بە خوێنی لاوەکان گۆڕانی بەسەرداهات، یاخود گەڕانەوە بۆ چەمکی فەلسەفە و رووچوون لە ناو بە دەستهێنانی بەها مرۆییەکان. بەدیوەکەی تردا ئایا مەعریفە توانی گۆڕانکاری بکات؟ یاخود وشەی بریقەدار و سیستەمی تیوکراتی و ئاشنابوون بە پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیا؟. بەداخەوە ئەوانە ناتوانن وەلآمی هیچ کام لەم پرسیارانە بدەنەوە، لەبەر سادەترین هۆکار ئەویش ئەوەیە، کە ئەوانە هەرگیزاو هەرگیز نەیانتوانیوە لە هەرێمی حەقیقەت نزیك ببنەوە، واتە مرۆڤی ئەندێشمەند و بە پەرۆش نین




بۆ گۆڕانکاری و کۆمەڵگاکەیان. تاکە کاراکتەر و مۆتیفێك، کە هانی ئەوان دەدات هەڵگری گوتاری لووت بەرز و وشەی برقەدارو کۆمەڵێك چەمکگەلی لەم جۆرە بن، تەنها و تەنها خۆدەرخستن و خۆ بەخەڵك ناساندن و مشەخۆریە، نمونەشمان زۆرە، دەتوانین زۆر لەم بەڕێزانە بە نموونە بهێنینەوە، کە بەردەوام لاوان هاندەدەن بۆ تێکەڵبوون بە کاری سیاسی و لە دوا تەمەنیشیاندا دەبنە کۆیلەی دەسەلآتدارانی کوردستان کڕنۆش دەبەن بۆ شەوانی شیراتۆن و دۆلارەکان و بۆفیاکان. بۆیە من دەڵێم ئەوەی بەڕاستی بڕوای بە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنیە ئەبێت خۆی قوربانی بێت بۆ لاوان، نەك لاوان بکاتە قوربانی خۆی، لاوانیش دەبێت زۆر لەوە وریاتربن، کە تەمەنی جوانی خۆیان و ئەو کاتە زێڕینەیان بەدوای ئەم گوتارە لووتبەرزانەوە بەفیڕۆ بدەن. ئەبێت لاوان زۆر لەوە بە ئاگابن کە گۆڕانکاری بە پاڵەپەستۆ و فشاری مەعریفی و کۆمەلآیەتییەوە دەستەبەر دەکرێت، نەك بە بوون بە ئەندام پەرلەمان و وەزیر و پیاوی کارگێری و دەوڵەت، پێویستە داخوازی لاوان ژیانی ڕەنگاڵەیی و ئیستاتیکا و جوا نناسی و جوانکردنی شارو شارۆچکەکان و دەستەبەرکردنی کۆمەڵێك کاراکتەر و بنەمای خۆشگوزاری بن، لەوێوە لاوان سەرفرازن و بەڕوو ئەو جیهانە جوانە دەڕۆن، کە لە ناخدا هەریەك لە لاوان هەڵگریەتی، ڕێنمایشیم بۆ ئەم بەناو ڕۆشەنبیر و گوتارە لووت بەرزە ئەوەیە، کە بگەڕێنەوە بۆ بەها مرۆڤاییەتیەکان و سەر لەنوێ خاکی بوونی خۆیان بسەلمێننەوە و ببنەوە بە مرۆڤی ئاسایی.



# عروبە و کۆتایی مێژوو

ئیبراهیم مەلا زادە

**ئەو** ململانێیەی ئەمڕۆ لە عیراقی دوای سەددامدا ڕوو دەدا، ڕووتبوونەوەیەکی ئاشکرای عەرەبەکانی عیراقە لە ڕووی فیکری و ئایدیۆلۆژیادا، بە تایبەتیش عەرەبی سوونە و ئیسلامیەکانیان. ئەو بابەتەش دوای ئەو هەموو بگرەوبێنەیە دێ لەسەر پرسی ئێدنتیتەی عیراق لە دەستووری تازەدا، کە ئیسلامیەکانی عیراق بە بێ جیاوازی، بە شانازیەوە ئەرکی بەرگریکردنیان لە عروبەی عیراق گرتۆتە ئەستۆی.
بڕواداران برای یەکترن (انما المؤمنون اخوة- الحجرات 10). گەورەیی هیچ عەرەبێک لەسەر غەیرە عەرەبێک نیە، **هەروەها** هی هیچ غەیرە عەرەبێکیش لەسەر هیچ عەرەبێک نیە تەنها بە تەقوا نەبێ (لا فضل لعربی علی أعجمی ولا لأعجمی علی عربی الا بالتقوی- حدیث نبوی). دوو بنەمای دیارن لە قورئان و سوننەتدا، هەر ئەو دوو بنەمایەشن ئیسلامیەکانی ئەمڕۆ لە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ گەلانی غەیرە عەرەب بە تایبەتیش گەلی کورد دەیوڕوژێنن و وەکو بەڵگەی پۆزەتیف بە دەم و چاوی خەڵکی دادەدەن. لێرەدا ئاستی پڕاکتیزەکردنی ئەو دوو بنەمایە دەخەینە ژێر پرسیار و بەراوردی دەکەین لەگەڵ ڕەفتار و هەڵس و کەوتی سوونە مەزهەبەکانی، کە خۆیان بە میراتگری سونەتی پەیامنێر دادەنێن و مومارەسەی وەسایەت دەکەن لەسەر گەلانی تر.
بە پەسندی دەزانم ئەو پرسە بە پرسی کێشەی ژن لەگەڵ پیاودا بەراورد بکەم و ئاستی عەقلیەتی عەرەبەکان بخەینە سەر خوانی لێکۆڵینەوە. لەو پێودانگەشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە داخۆ پایەی ژن لە هزری عەرەب چەندە و بۆ تا هەنوکەش لە عەرەبستانی سعودی ژن دونیاییکی تری داپۆشراو و بێدەنگکراون لە کۆ**مەڵگای** ئەو وڵاتەدا.
ئەوە بە ئاشکرا دیارە کە قەوامەت لە قورئاندا لە دەست پیاوە (الرجال قوامون علی النساء بما فضل الله بعضهم علی بعض- النساء 34). هەروەها دەفەرموێ (وعاشروهن بالمعروف). بەو مانایەی لەو زەمەنەی کە قورئان هەندێ لە مافی ژن دەستەبەر دەکات و لەو بارودۆخە نالەبارەی کە تیایدا بوو دەیهێنێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی شەرعیەتی پیاوسالاری لە دڕندایەتیەکی ئاژەڵی بخاتە ئاستێکی تر کە لایەقی پیاوی عەرەبی دوای جاهیلیەت بێ و بەهایەک بدات بە برادەرەکەی کە ئافرەتە، لەو ساتانەدا قورئان دێ زیندەبەچاڵ کردن لەسەر کچ هەڵدەگرێ، مافی ئینسانی بوونی پێدەبەخشێ، بە مەرجێک لە گوێڕایەڵی و سەرپەرشتی پیاودا بمێنێتەوە چ لەسەر ئاستی خێزان، یا لەسەر ئاستی دەوڵەت و کۆمەڵگادا، ڕاستییێکی حاشا هەڵنەگریشە، کە لەو زەمەن و لە ژێر کاریگەری ئەو عەقلیەتە پیاوسالاریەدا هەر هێندە دەکرا ئەنجام بدرێ .
لەسەر ئاستی خێزان، ئەوەی کە ئاشکرایە لە دوای کۆمەڵگا، خێزان دەبێتە دووەم پێکهاتەی پیرۆز و لە دیدی بیریارە مسوڵمانەکان و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی زۆرێک لە بیرو بڕواکانی مۆدێرنە بە مەترسی دەزانرێ لەسەر خێزانی مسوڵمان. ئەمەش لە خۆیەوە نەهاتووە، کۆمەڵێک دەقی قورئانی و سونەتی هەن کە لەمپەرن لەبەردەم ئاوەڵاکردنی گەیشتن بە خێزانێکی جیاواز لەگەڵ ئەو وێنایەی کە ئیسلام پێیداوە. لە سوننەتدا جێگیرە کە ئافرەت بێ پرسی مێردی خۆی یا مەحرەمێک، کە باوکە یا برایە نابێ لە ماڵ دەربچێ (لا یحل لإمرأة مسلمة ان تسافر مسیرة یوم ولیلة الا مع محرم- حدیث شریف). خیتابی قورئان سەبارەت بە ژن هەمیشە ڕووی لە پیاوە، (وعاشروهن بالمعروف) ئەمە لەسەردەمێکدا دێت کە ئافرەت زیندەبەچاڵ دەکرێ، ئینجا زیندەبەچاڵی لەسەر هەڵدەگیرێ و لە پاڵیشیا بە پیاوان دەڵێ بە چاکە لەگەڵیان بجوڵێنەوە، چونکە پیاو لەو قۆناغەی مێژووە شدا هەر بەسەردەستی دەمێنێتەوە، هەروەها ئایەتی (نساءکم حرث لکم فاتوا حرثکم انی شئتم...- البقرة 223) هەر ڕووی لە پیاوە و ئافرەت هەر بە (مفعول بە) دەمێنێتەوە، هەروەکو تەڵاقیش هەر لە دەستی پیاودا دەمێنێتەوە (واذا طلقتم النساء .... – النساء 131، 232). لە سوننەتیشدا دەفەرموێ: (الدنیا متاع وخیر متاعها الزوجه الصالحة- حدیث نبوی)، لێرەشدا بە ئاشکرا دیارە کە ژنێکی ساڵح بە باشترین شتومەکی ئەو دونیایە دەژمێردرێ، (ژنی ساڵحیش ئەوەیە کە لە گوێی فەرمان و ڕێنوێنیەکانی مێردی خۆیدا دەبێ - کۆمەڵێک سەرچاوەی فیکری و یاساییش هەن دیاردەکەن کە مەبەست لە ژنی سالح کێیە)، کەواتە پیاو بەرپرسیارە لە هەڵوەشانەوەی خێزان و دەبێ سوور بێ لەسەر یەکیەتی (اتحادی) خێزان و هەر هەڵگەڕانەوەیەک لە لای ژن هۆیەکی سەرەکیە کە بکەوێتە ژێر غەزەب و نەفرەتی خودای گەورە. ئەو بەڵگانەش زۆرن بۆ یەکێک بیەوێ بە شێوەیەکی قوڵتر لەو پرسە بکۆڵێتەوە.



هەروەها لەسەر ئاستی دەوڵەتیشدا، جێگیر بووە کە ئافرەت ناتوانێ ئیمامەت بگرێتە دەست هەروەکو لە نوێژیشدا ناتوانێ، جێی خۆیەتی ئاماژە بە (د. امینة ودود) بکەین کە لە نیویورک ویستی ئیمامەتی نوێژ بکات، بەڵام زۆرێک لە زانای مسوڵمان و سەرچاوە ئیسلامیەکان بە زیندیقە و هەڵگەڕاوە و شێوێنەر بۆ دینی خوا دایانە قەڵەم. لەمەشدا پێموایە گوناە لەو خەڵکانە نیە کە ئەو هەڵوێستانە دەنوێنن، بەڵکو تەبیعەتی ئەو دینە تەبیعەتێکی پیاوسالاریە. ژن دایکە، خوشکە، پیرۆزە، مافەکانی پارێزراون. کەس بۆی نیە دەستدرێژی بکاتە سەر، بەڵام ئەو هاوسەرە نیە کە لە ئەرک و مافەکاندا لەگەڵ پیاودا بچێتە یەک تای تەرازوو.
کە (موعتەسەم بیللاە) سوپا ئامادە دەکا بۆ ئەوەی ئافرەتێک کە کەڕامەتی بریندار دەکرێ و هاواری موعتەسەم دەکا و دەڵێ (وامعتصماە) موعتەسەمیش شەڕێکی گەورە دەست پێدەکا بۆ ئەوەی کەڕامەتی ئەو ژنە بگێڕێتەوە، چونکە بە ڕژانی کەڕامەتی ئەو ژنە کەڕامەتی ئوممەت ڕژاوە، واتە نەک لەبەر خودی ئیهانە کردنی ئەو ژنە، بەڵکو چونکە ژنەکە بۆتە هۆی ڕژاندنی کەرامەتی کۆمەڵگای پیاوسالار. لە مەدینەش لەسەردەمی پەیامبەردا قەبیلەیەکی جوولەکە دەکەوێتە بەر هێرشی جەنگاوەرانی ئیسلام، چونکە کەسێکی ئەو قەبیلەیە هەتکی ناموسی ژنێکی مەدینەیی عەرەبی مسوڵمانیان کردبوو. ئەو باوکەش کە کچی خۆی زیندەبەچاڵ دەکرد لەوە دەترسا ڕۆژێک بێت پیاوێک بێ ئیرادەی ئەو دەستی لەگەڵ تێکەڵ بکات و بۆخۆی بیبات، ئەو کاتەش شەرەف و ناموسی ئەو پیاوە عەرەبە دەڕژا و دەبوایە عەشیرەتی بەجێهێڵابایە، چونکە چاوڕووی نەدەبوو بێتە بەرامبەر پیاوانی عەشیرەتەکەی. پاشان ئیسلام بە کۆمەڵێک ئەلتەرناتیف زیندەبەچاڵکردنی ژن لا دەبات، بەڵام ژن (نەک پیاو) هێشتاش دەمێنێتەوە بە سەرچاوەی شەڕەف و ناموس و دەست درێژکردن بە سەر ئەو سەرچاوەیە دەست درێژکردنە بۆ سەر قەوارە و پیرۆزی پیاو و ماوەی قسەلێرکردنی تێدا

نیە.

ئەو جەدەلیەتە (گەورەیی پیاو یا قەوامەتی بەسەر ژنەوە) خۆی لە پەیوەندی نێوان عەرەب و غەیرە عەرەبیشدا دەنوێنێ. چۆن هیچ مسوڵمانێک نکوڵی لەوە نیە کە ژن دایکە و خوشکە بێجگە لە هاوسەر بە مانا فراوانەکەی، چ عەرەبێکی مسوڵمانیش نکوڵی لەوە نیە کە غەیرە عەرەبی مسوڵمان برایە. بەڵام کام برا؟ مافەکانی ئەو برایە لە کوێن؟ ئەو عەقلیەتەی ئەمڕۆ عەرەب بە گشتی و ئیسلامیەکانیان بە تایبەتی بیری پێدەکەنەوە پێکهاتەیەکە تەمەنی بۆ سەدان ساڵ درێژ دەبێتەوە. پێکهاتەی ئەو عەقلیەتە شەرعیەتی لە قوڵایی مێژووی ئیسلامەوە وەردەگرێ. ئەو رۆژەی کە عەرەب دەبێتە سەرکردە و دەستێک بە شمشێر و دەستەکەی تریش بە قورئان سنووری جەزیرەی عەرەبێ دەبڕێ و سنووری ئیمبراتۆریەتە غافڵ و غاشیمەکانی ئەو سەردەم دەبەزێنێ. لەو رۆژەوە پێکهاتەی ئەو هەست کردنە بە براگەورەیی دروست دەبێ و لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئاراستەیەکی نێگەتیف وەردەگرێ و عەقلی ئەمڕۆی عەرەبی تا ئەو چرکە ساتەش باوەڕ ناکەن کە زەمەن گۆڕاوە. باوەڕناکەن شمشێری ئەو سوپایە ئێستا نەک هەر لە کالاندا نیە، بەڵکو ژەنگیشی هەڵێناوە و بەکەڵکی چیتر شەڕو ئاژاوە نایە. بۆنی ئەوانیش چیتر بۆنی ئەو سەحابیە نیە کە لە بەر زوڵمی ئیمبراتۆریەتەکان خەڵکی بە دوای ئەو بۆنەدا دەگەران و پێشوازییان لێ دەکردن. بۆیە غەریب نیە کە سەرۆکی حیزبی ئیسلامی عیراقی داوای گێڕانەوەی سەرۆکایەتی عیراق بکات بۆ عەرەبێکی سوونەی عیراق بۆ ئەوەی رووی عەرەبی و ئیسلامی لە دەست نەدات، چونکە ئەو سەرۆکایەتیە لەدەست کوردێک دایە با سونیش بێ چونکە عەرەب نیە و ئەهلیەتەکەی ناتەواو و جێی گومانە بۆ ئەوان(1).

لەبەر ئەوە ئەو برایەتیە لای عەرەب جیاوازە لەو برایەتیەی کە پێناسەی هەیە لە فەرهەنگی مرۆڤایەتی و تەنانەت لە زۆرێک لە دەقەکانی ئیسلامیشدا بەتایبەتیش ئەو دەقەی کە لە سەرەتای بابەتەکە ئاماژەم پێدا. ئەو برایەتیە زۆر شتی پێیە بۆ خۆی حەڵاڵە بۆ خەڵکی تر حەرام. ئەو برایەتیە لە دیدی ئەوان کۆنتراکتێکە ئەو برا گەورە و پیاوە (پیاو لێرەدا تەنها عەرەبە) ئەوانی دیش هەموویان برا گچکەن و پیاوەتیان کامڵ نیە. ئەو کۆنتراکتەش قابیلی هەڵوەشانەوە نیە. ئەو ئاغایە و سەرۆکی قەبیلەیە و ئەمیرە و ئیمامە و خەلیفەیە، ئەوانی دیش هەموویان کۆیلە و مەوالی و رەعیە و شعوبی و خەوەنە و دەخیل و ئیرانی و رۆمین. بۆیە ئەو کۆنتراکتە قابیلی دەسکاری کردن نیە، چونکە ئەوان هەڵگری زمانی قورئانن و ئەوانی دیش ئەعجەمی و لاڵ و پاڵ و گێل و دەبەنگن، هەروەکو ئیمامی غەزالی لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا (إحیاء علوم الدین) لە بەشی ژیری و داناییدا کە بە عەرەبی (حلم)ی پێدەڵێ، دوای ئەوەی پێناسەی دەکات و بە دوور و درێژی روونی دەکاتەوە، دەڵێ: (وعکس ذلک منقول عن الاکراد والاتراک والغفلة والاغبیاء الذین لا عقل لهم ولا فضل فیهم) پێچەوانەی ئەوەش، واتە پێچەوانەی (حلم) دەگێڕدرێتەوە لە ئەکرادو ئەتراک و غافڵ و گێژوویژەکان، ئەوانەی کە نە عەقڵیان هەیە و نە گەورەییەکیشیان هەیە. هەروەها وتەیەکیشیان هەیە دەڵێ: خودا بە سێ دەردان سزای مرۆڤ دەدات، کوڵلە و مشکەکوێرە و کورد. ئەوە ئیحساسێکە تەمەنێکی دوورودرێژی هەیە و تا ئەو چرکە ساتەش ئەوان هەر وادەزانن کە (خیر امة) ئەوانن و هەموو ئەو ژیار و پێشکەوتنەی ئەمڕۆی دونیا تەنها بۆ ئەوە هاتووە کە نەتەوایەتی عەرەب و ژیاری ئەوان و کەرەم و شەهامەتی عروبە لەبار بەرێ. ئاخر میدیای عەرەبی بە تایبەتیش کەناڵی ئەلجەزیرە بە شێوەیەکی گشتی مومارەسەی ئیرهابێکی شاردراوەی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ دەکات، گەورەترین ئەرکی سەرشانی بڵاوکردنەوەی رق و قینە بەرامبەر گەلانی تر و بەتایبەتیش گەلی کورد. خۆ ئەگەر لە مەغریبی بە عەرەبی کراو بەردێک بەربێتەوە بۆی هەیە کوردە خائینەکانی کلکی ئیسرائیل بەریان دابێتەوە. ئەگەر کورد

> **ئەو برایەتیە لای عەرەب جیاوازە لەو برایەتیەی لە فەرهەنگی مرۆڤایەتی و لە زۆرێك لە دەقەكانی ئیسلامدا پێناسەی هەیە، ئەو زۆر شتی بۆ خۆی حەڵاڵە و بۆ خەڵكی تر حەرام، لە دیدی ئەوان ئەو برا گەورە و پیاوە، ئەوانی دیش برا گچكەن و پیاوەتیان كامڵ نییە.**



گوێڕایەڵ و ملکەچی رەحمەتی لەتە خورمایەکی بیابان بێ، بێگومان رازی دەبن ئێمەش شەرەفی بە عەرەب بوون وەربگرین، بەڵام ئەگەر لە هەموو پێتەختەکانی عەرەبستان ئاڵای ئیسرائیل بشەکێتەوە نە بۆ کورد و نە بۆ هیچ گەلێکی تر هەیە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دەوڵەت و میللەتەدا گرێبدا، ئەوەی ئەوە بکات شەرەفی بوون بە عەربیشمان لێدەسەندرێتەوە، خۆ هەمووماں پرچەکرداری عەرەبەکانمان دیت کە پەروێز موشەرەف ویستی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل بکاتەوە.

ئەوەتا بزاڤی ئیسلامی عەرەبی (پیاو) لە سات و کاتی نوسینەوەی دەستووری عیراقیدا ئارامی لەبەر هەڵگیرا، چونکە لە دیدی ئەواندا هەویەی عیراقی عەرەبی لە مەترسی گەورە دابوو، بۆیە تا هەنوکەش جەخت لەسەر گۆڕینی دەستوور دەکەنەوە، چونکە عیراق پێویستی بە رزگارکردنە لەدەستی شعوبیە ئیرانیەکان و بەکرێگیراوە کوردە هەڵگەڕاوەکان.

ئەوان ئەو کاتە ئۆقرە دەگرن و هەناسەی ئارامی هەڵدەکێشن، کەی ئەوانی دی (ئەعجەمیەکان) دەگەڕێنەوە ژێر تاعەتی برا گەورە و وەکو هەمیشە و هەموو ئەو سەدان ساڵە بە رەعیەت و بە مەوالی بوون بمێننەوە. ئیمام ئەگەر قورەیشیش نەبێ دەبێ عەرەب بێ، کورد کەمایەتیە لە وڵاتی عیراق و عیراقیش بەشێکە لە نیشتمانی عەرەب و ئەندامێکی کارای دامەزرێنەریشە لە کۆنگرەی عەرەبی و ئەمەویەکان بەرێوەی دەبەن، نیەو نابێ خەڵکانێکی غەیرە عەرەب جڵەوی عەرەب بگرنە دەست، ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ میدیای عەرەبی دەتوانێ دەیان بابەت لەسەر ئەو پرسە بخوێنێتەوە.

بۆیە کەی غەیرە عەرەب رازی بوون بە سەروەری و براگەورەیی بۆ عەرەب بە بینینی هەمان رۆڵی ژن لە خێزاندا ئەو ساتە، بەڵێ تەنها ئەو ساتەوەختە ئەوان و ئەوانی دی برا دەبن، ئەوان لە شوێنی برا گەورە و پیاو لە خێزاندا و ئەوانیش برا گچکە و پیاوی ناکامڵ (قاصر)، تەنها ئەو کات ئێمە گەلێکی باش و بەرەحم و مسوڵمان و خواناس دەبین، چونکە بە برا گەورەیی (پیاوەتی) ئەوان رازی دەبین و باسی هیچ جۆرە یەکسانیەک ناکەین. تەنها ئەو ساتە وەختە (لا فضل لعربی علی اعجمی الا بالتقوی) ئەگەرنا یاسای ئەگەر بۆ من نەبێ ناهێڵم بۆ تۆش بێ پێرەو دەکەن و ئاڵۆزی و پەشێوی دەنێنەوە، ئەو ساتە هیچ قافیلەیەکی غەیرە عەرەبی لە کەل و پەلی خۆی دڵنیا نابێ و هەموو شتێک قابیلە بۆ ئەنفال کردن، ئەو ساتە هەر جموجۆڵێک بۆنی هەڵگەڕانەوەی لێ بێ ئەوا هۆیەکی سەرەکیە بۆ ئەوەی بکەونە ژێر غەزەب و نەفرەتی خودای ئەوان. هەڵگەڕانەوە لە ئوممەت هەڵگەڕانەوەی گەورەیە (الردة الکبری)، گەورە و بچووکی لەسەر ئەنفال دەکرێ، هەر ئەو هەڵگەڕانەوەیەش بوو شەرعیەتی دایە سەددام کوردی باشوور ئەنفال بکات. چۆن نابێ خێزانی گچکە پارچە ببێ بە هەمان شێوەش نابێ خێزانی گەورە لەبەر یەک هەڵوەشێتەوە، چونکە یەکەمیان ئەگەر (أبغض الحلال) بێ ئەوا دووەمیان هەروەکو لە حەدیثدا هاتووە (من أراد ان یفرق أمر هذه الامة وهی جمیع فضربوه بالسیف کائنا من یکون- حدیث نبوی) (کێ بیەوێ دووبەرەکی و پەرتەوازەیی بخاتە نێوان ریزەکانی ئەو ئوممەتە بە شمشێر لەت وپەتیان بکەن هەر کێیەک بێ)، کەواتە ئەم هەڵگەڕانەوەیە نەک هەر حەڵاڵ نیە بەڵکو کوشتن و ئەنفالبوونیشی لەسەرە. عەرەبی خۆ بە

میراتگری ئیسلام و پیاوسالار هەر لەسەر هەمان قەوانی پێشووی خیلافەت پاوانی ئیرادەی هەموو غەیرە عەرەبێک دەکات، کە لە سێ ڕێگا زیاتر ڕێگا چارەی تری نەبووە هەڵیبژێرێ، ئەویش یا مسوڵمان بوون بوو یا شەڕکردن و دواتریش مردن، یا ڕزانەوە لە ژێر نیری سەرانەو جزیەدان.

لە عیراقی دوای سەددامدا کت و مت سوننیە عەرەبەکان لەگەڵ توێژێکی زۆری شیعە عروبیەکان بە هاوپەیمانی لەگەڵ بەعسیە قەومیە فاشیەکان و بە توندڕەوە تەکفیریەکان و بە میانەڕەوە ئیخوانیەکانیش لەسەری کۆکن کە هەویەی عیراق عەرەبیە و دەبێ هەر بە عەرەبیش بمێنێتەوە، ئەو پرسە خەتی سوورە. ئەو پرسە تەنها بەوەی کە عیراق بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی کۆتایی نایەت، چونکە ئەوان بەشێک نین لە جیهانی ئیسلامی، بەڵکو جیهانی ئیسلامی بەشێکە لەوان، بۆیە کە عیراق بەشێک بێ لە جیهانی ئیسلامی مەرج نیە ببێ بە بەشێک لە جیهانی عەرەبی. هەروەها بەوەش کۆتایی نایە کە عەرەبی عیراق بەشێک بن لە گەلی عەرەب، چونکە گەلانی تری عیراق کەمینەن و پێناسەی کەمینەش دیارە وەکو پێناسەی ڕەوەندی جەزائیری لە فەرەنسا و ڕەوەندی تورک لە ئەلمانیا دەبێ. ئەو کەمینانە خەڵکی هاتوو ڕەوەند و کۆچبەرن و دەبێ لە هەموو حاڵەتەکان بە رەعیەتی ئەو وڵاتە بمێننەوە و ملکەچی پرۆسەی ئیندیماج و یاسا و ڕێساکانی گەلی سەردەستی ئەو وڵاتە بن. کوردیش لە دیدی ئەوان کەمینەن و ئەوەی بەوردی لە ڕاگەیاندنی عەرەبی وردبێتەوە هەروەها کۆنگرەی وڵاتانی عەرەبیش، زۆر بە ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا کورد بە کەمینە دادەنێ و عیراقیش هەر عەرەبیە و دەبێ کوردیش هەر بە مەوالی بمێننەوە، عەمرۆ موسای ناسیۆنالیستیش لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا بێشەرمانە ئەوەی دووپات کردەوە کە کوردستانیش بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی. ئاخر ئەو دەربڕینانە شتی خۆڕسک نین، لە خۆوە نایەن، هەموو پیتێک لە قسەکاندا قسە دەکات، هەروەکو هەڵبژاردنی قسەکەی بۆ ڕاگەیاندنی لە پەرلەماندا گەورەترین دەلالەت بە تێکڕای خەڵکی کورد ڕادەگەیەنێ. خۆ لە تێکستی دەستووری تازەشدا کە سەرانی کورد پێیدا هەڵدەڵێن لە هیچ شوێنێکدا وشەی (گەل) نەدراوەتە پاڵ کورد، لە هیچ شوێنێکیش ناوی (گەلی) کوردستان نەهاتووە. لە هیچ شوێنێک باسی ئەوە نەکراوە کە عیراق لە دوو گەلی سەرەکی پێک دێ هەروەکو لە دەستوورەکانی پێشوو ئەو پرسە بەو شێوەیە جێگیر بوو بوو، بەڵام لە دەستووری عیراقی نوێدا و بە هاوپەیمانێتی هاوپەیمانی کوردستانیش نوێنەری کوردی ناتوانێ ئەو هاوکێشەیە لە دەستووری نوێشدا جێگیر بکاتەوە، هەروەها باسی ئەوەش نەکراوە، کە عیراق لە دوو وڵات پێکهاتووە و یەکیان گرتووە، عیراق وڵاتێکی یەکگرتووە بەڵام لە نێوان کێ!!!، ئەوەی باس دەکرێ تەنها سەروەریە بۆ گەلی عەرەبی براگەورە و پیاو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، گۆڕینی پێکهاتەی عەقلیەتێک کە مێژووەکەی بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە ناکرێ بەچەند ساڵێک بگۆڕێ و بە وەرچەرخانێک پشتی لێ بکرێتەوە. بۆیە قیوامەت لە زیهینیەتی عەرەبدا چۆن بەرامبەر ژن لەدەست پیاوە بە هەمان شێوەش لە بەرامبەر گەلانی مسوڵمانی غەیرە عەرەبدا هەر لەدەست پیاودا (عەرەب) دەبێ. خۆ گەلانی غەیرە عەرەب و غەیرە مسوڵمان گلاون و جولانەوە لەگەڵیاندا ئاڕاستەیەکی تری دەبێ.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە، ئەوە ئیسلامیە عەرەبەکانن هاتوونەتە شەڕ لەسەر هەویەی لەکەدار بووی عەرەبی عیراق. هەر ئەوانیشن سەرچاوە و مەرجەعی فیکری بۆ ئیسلامیە کوردەکان. ئیسلامیە عەرەبەکان ئەندازیارانی سایکس بیکۆ و لۆزان بە کافر و زیندیق و گەورەترین دوژمنی ئیسلام و عروبەی دەزانن بەڵام ئەو سنوورانەی ئەوان دایان ڕشتوون پیرۆزن و لێلادانی خەتی سوورە. بۆیەش فیدراڵیەت بە تابوو دەزانن چونکە چوارچێوە کۆلۆنیالیەکەی ئینگلیز دەکەوێتە مەترسی و لابردنی سیفەی عروبەش لەسەر ئەندامێکی جیهانی ئیسلامی خوێندنی فاتیحایە لەسەر ئەو وڵاتە بەزۆر لەیەکتر قایمکراوەدا.

زۆر گرنگە ئیسلامیە کوردەکان گوێ لەو خیتابەی ئیسلامیە عەرەبەکان ڕابگرن و بەخۆیاندا بچنەوە، ئەوەش دەڵێم نەک بۆ ئەوەی واز لە دینداری خۆیان بێنن چونکە هەموو کەسێک ئازادە لە هەڵبژاردنی دینی خۆی و بەجێگەیاندنی ئەرک و سرووودەکانی دینداری، بەڵام بۆ ئەوەی چیتر پاشکۆیەتی فیکری عروبەوی قبوڵنەکەن و ئەوان سەرچاوەی فیکر و هزری ئەوان نەبن. دەکرێ ببنە لەمپەریش لەبەر دەم هەموو ئەو هەوڵانەی کە دەیانەوێ بۆ بەرژەوەندیە کاتی و حیزبیەکان چاوبڕکانێ لەگەڵ ئەو عروبەویانە بکەن و گرێمان بدەنەوە بە ئوممەی عەرەبی (پیاو). با بزانرێ کە قیوامەتی پیاو لەسەر ژن هەڕەسی هێناوە و زەمەنی ئەمڕۆ و فیکری ئینسانی هەردوولا یەکسان دەکات. بۆیە قیوامەتی عەرەبیش لەسەر غەیرە عەرەب دەبێ هەرەس بێنێ. دەبێ لە دوای ئەو خاڵی ئەو برایەتیەی کە هیچ مافێک بۆ برا گچکە دیار ناکا، کۆتاییێک بۆ ئەو ویسایەتە عەرەبیە دابنرێ لەسەر غەیرە عەرەب. هەروەها بزاڤە نەتەوەییە کوردیەکانیش ئەگەر دەست لە برایەتی بە درۆ و نایەکسان هەڵنەگرن، با دڵنیا بن کە ئەوان مەوالین و عەرەبیش مەولان، بە ڕازی بوونیان لەسەر عیراقی عەرەبی و گرێدانەوەی کورد بە عیراقی عەرەبی و بە گەلی عەرەب گەورەترین حۆلیە، ئەگەر نەشڵێین خیانەتە، دەقەکانی دەستووری داڕێژراویش ئاشکران کە نە یەکگرتن هەیە و نە ناوی کوردستان و نە کوردیش وەکو گەل لە دەستووردا هاتوون. ئەوان ڕازی بوون قەوارەی عەرەب ببەستنەوە بە ئوممەتی عەرەبی و کوردیش لە ڕیزی شیعایەتی و سونیایەتی و تورکمان و هەتادوایی بژمێرێ (هەر ئاوا، هەروەکو کوردیش ئایینێک یا ئەتنیکێک بێ لە عیراقی نوێدا) براگچکەی عەرەبن و مەوالین لەو وڵاتەدا. ئەگینا پێداگرتنی عەرەب لەسەر عەرەبایەتی و پاشەکشەی کورد لەسەر کۆمەڵێک مافی بنەڕەتی خۆیان، بە تایبەتیش چارەی خۆنوسین و



دەسنیشانکردنی گەلی کوردستان وەکو بەشێکە لە نەتەوەی کوردستان، لە بەتاڵبوونەوەی کارایی دەسەلاتدارە کوردیەکان لە هەموو کاریگەرییێک و پشتکردن لە چارەنووسی میللەتێک بەولاوە زەحمەتە شتێکی تر بگەیەنێ. کە پێکهاتەی عەقلیەتی عەرەب وابێ ئەستەمە بە نەرموونیانی وەفدی کوردی بگۆڕێ. ئەوان واتە دەسەڵاتدارانی کورد لە نەزەری شۆفینییێکی وەکوو موستەفا بەکری میسری، هەر ئەو دوو تیرە هەڵگەڕاوەن لە ئەسلی عەرەبی خۆیان کە ئەمڕۆ لەسەر غەنائیم کۆک نین و کۆکیش نابن، لە دیدی بەکریدا ئەوان بە عەقلیەتی عەشایەری خۆیان ناتوانن لەسەر دوو کۆمپانیای تەلەفۆن ڕێکبکەون نەخاسمە بتوانن دوو ئیدارەکانیان ڕێک بخەنەوە، ئەی چۆن دەتوانن ببن بە خاوەنی دەوڵەت و عیراق پارچە پارچە بکەن!!!.(2) بۆیە لە دیدی مستەفا بەکری (پیاو)دا ئەمەی لە عیراقی عەرەبیدا ڕوودەدا گەردەلولێکی نەگبەتی بێ ودم و بێ بارانی زۆر کاتیە و عیراقیش زۆر لەوە گەورە ترە خەوەنەکان (خائینەکان) بتوانن کار لە عروبەی عیراق بکەن. عروبە لە دیدی عەرەبدا کۆتایی مێژووە و خودی (خێر و نقاء) خۆیەتی.

تێبینی: لەبەر سروشتی بابەتەکە بە چاکم زانی هەندێک لەو وشانەی کە عەرەبین هەر بە عەرەبی بەکار بێنمەوە و وەریان نەگێڕم، چونکە بابەتەکە چێژ و دەلالەتەکانی خۆی لەدەست دەدا.

1-طارق ئەلهاشمی سەرۆکی حیزبی ئیسلامی عیراقی، لە لێدوانێکیدا لە ڕۆژی 2006/01/16 ڕایگەیاند کە دەیانەوێ سەرۆکایەتی عیراق بۆ سوننە عەرەبەکان بگەڕێتەوە، چونکە دەیانەوێ وەجهی ئیسلامی و عەرەبی بۆ عیراق بگێڕنەوە، ئەمە دیوی ڕاستەقینەیانە، بەڵام دواتر بە پەلە لە ڕاگەیاندنەکەی خۆیان پاشگەز بوونەوە.

2-مصطفی بکری نوسەر و ڕۆژنامەنوسێکی میسریە و چەندین جار ئەو قسانەی لە ئەلجەزیرەدا دووپات کردوونەتەوە.

**شـــوبـــاتـــی**

2006

# ئافــرەت و راگەیاندنی کوردی



نەریمان تالب مۆریاسی

رەنگــبــێ کۆمــەڵگای کــوردی یــەکێك بێــت لــەو کۆمەڵگایانەی، کە لە بواری رۆژنامەگەری و کاری ئیعلامیدا، فەرهەنگێکی دێرینی بۆ سەرکردایەتیکردنی مێینەی نەبیبێت. ئێمە لە بواری سیاسەت و شیعر و رۆشنگەری و پەروەردە و زۆر شتی تریش سەرکردایەتی مێینەمان هەیە، بەڵام ئەم کەرتە نوێیەی کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا سەرکردایەتی مێینەی بەخۆوە نەدیوە، لەبەرئەوە هەر لە سەرەتاوە لە ژێر کۆنترۆڵی پیاواندا بووە، ناونیشانی ئەم نووسینە ئاماژەیە بۆ بابەتێکی هەستیار و فراوان. بێگومان پێم ناکرێت لەم نووسینە کورتەدا بەشێوەیەکی هەمەلایەنە تاوتوێی بکەم، بەڵام من بوونی ئافرەت لە راگەیاندنی کوردیدا وەك دیاردەیەك باسدەکەم، کە بەهەموو پێوەرێك دەکرێت ناوی لێبنێین دیاردەیەکی نوێ و دیاردەیەکی ملکەچ بۆ دەسەڵاتی پیاوان، (لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ هەموو ئەو کچ و ئافرەتانەی من لە بواری راگەیاندندا کارم لەگەڵ کردوون)، لە کۆمەڵگایەکی نەریتی و ساکاری خۆرهەڵاتی وەکو کۆمەڵگای کوردەواری هێشتا کارکردنی ئافرەت لەناو راگەیاندندا (سەرکێشی _ موغامەرەیەکی گەورەیە)، لەوەشدا کۆمەڵە هۆکار هەیە، تیایدا پیاوانیش و ئافرەتان خۆشیان و فەرهەنگی کۆمەڵگەکە و تایبەتمەندێتی کۆمەڵگەی کوردیش، وەك کۆمەڵگەیەکی داخراوی کلاسیکی و خودی دەزگاکانی راگەیاندن، کە هێشتا وەك دەزگای حزبی وان و نەبوونی سەربەستی لە کارکردن و گوێنەدان بە توانا و بەهرە و عەقڵ و بیرکردنەوەی کادرەکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسەکانی ناو ئەو دەزگایانە، ئەمانە کۆمەڵە هۆکارێکن، کە چاك و خراپی تێکەڵ کردووە و لە ئاڵۆزکردنی ئەو دیاردەیەشدا رۆڵیان هەیە. لە هەلومەرجێکی وادا نەك پیاوان ناتوانن لە کاری رۆژنامەنووسی و راگەیاندنی خۆیاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵکو ئافرەت و کچانی قوربەسەری ناو ئیعلام زۆر جاران بەزەحمەت دەتوانن کەسایەتی و ناوی خۆشیان بپارێزن لە هەندێك تۆمەت و قسە و قسەڵۆکەی پڕ و پووچ، کە هەر لە قسە بێماناکانی سەر تەنوور و سەرکانی وگوێئاگردانی زستانە درێژەکانی کوردستان دەچن و زیاتر بۆ تێرکردنی خەیاڵات و خەیاڵگە تێرنەبووەکەی پیاوانی ئێمەن.

بە پێی ئەو ئەزموونەی لە راگەیاندنی کوردی پاش راپەرینی ئاداری 1991 هەمە، هەمیشە ئەو ئافرەتانەی لە راگەیاندن لەگەڵمدا کاریان کردووە، هەم گرفتەکانیان زۆرتربووە و هەم قورستر و گریاناوی تریش بووە، (دیارە من لە تەلەفزیۆن و رۆژنامەشدا کارم کردوە)، لە هەمووی خراپتر و قەیراناوی تریش گرفت و کێشەکانیان تائێستا نە ئێمە و نە خۆشیان ناتوانین بە راشکاوی و بەبێ شەرم باسیان لێوە بکەین. هەر لە سەرەتاوە ئامادەیی ئافرەت لە بواری راگەیاندندا لە کۆمەڵگەی کوردی پاش راپەریندا و لە ئەزموونی شاری حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، بەو فراوانییەی کە پاش راپەڕین بینیمان، سەرباری ئەوەی شتێکی نوێ بوو، دیاردەیەکیش بوو هەر لە سەرەتاوە کۆنترۆڵەکەی بە دەستی پیاوانەوە بوو، ئەو پیاوە شۆڕشگێرانەی تازە لە شاخ گەڕابوونەوە، شاخ بە هەموو مانا شۆڕشگێڕییەکەی (نەك بە مانا و گوزارشێکی نەرێنیانەی خوانەخواستە خراپ)، ئەمەش وایکرد ئەزموونی ئەو ئافرەتانەی کە لەبواری راگەیاندندا دەستیان بەکارکرد، هەر لە سەرەتاوە ملکەچ بێت بۆ ئەو پێوەرانەی کە پیاوان دایاندەنا و پیاوان بڕیاریان لێدەدا، هەتا ئەمڕۆش هاوکارانی ئافرەت لەبواری راگەیاندندا گیرۆدەی ئەو پێوەرانەن، ئەو پێوەرانەی پیاوانیش زۆرجاران نازانستی و نابابەتیانە و کەمە کەمەیەکیش بابەتیانە دەبوون، زۆر جاران ئەو پێوەرانە



نابابەتیانە دەبوون کاتێك پیاوە بڕیاربەدەستەکانی راگەیاندن، پێوەری پیشە و کاری رۆژنامەنووسیان تێکەڵ بە پێوەرە تایبەتی و کەسێتییەکانی خۆیان دەکرد. (میزاج) و (حەز) و (تێڕوانینێکی کوردانە یان خۆرهەڵاتیانە بۆ ئافرەت)، لەو پێوانە و بڕیارەی ئەواندا رۆڵی دەبینی، ناکرێت بڵێین ئەم پێوانەیەی پیاوان لە ئیعلامدا تەنیا لە بەرانبەر ئافرەتدا بەکاردەهات، بەڵکو زۆرجاران لە بەرانبەر هەڵسەنگاندنی کاری پیاوانی تری ناو راگەیاندنیشدا، ئەوانەی تازە دەستیان دابووە کاری ئیعلامی بەرانبەر ئەوانیش بەکاردەهات، بەڵام (فەرق) هەر هەبووە، هەرلێرەوە جیاوازییەك لە نێوان پیاوان و ئافرەتان، یان کچان و کوڕاندا هەبووە، چونکە زۆربەی ئەو پیاوانەی لە سەرەتاوە چوونە راگەیاندنەوە لانی کەم زۆربەیان پێشتر باگراوندێکی رۆشنبیری یان دەستی نووسین و خوێندنەوەیان هەبوو، راستە لەکاری راگەیاندندا بە سەلیقە نەبوون وەك ئەوانەی لە راگەیاندنی شاخدا کاریان کردبوو، ئەوان جگە لەوەی لە شاخ کاری ئیعلامیان کردبوو، بەو هۆیەوەی پێشمەرگە بوون دوو جار شەرعێتیان هەبوو، بەڵام گرفتی کچان و ئافرەتان ئەوەبوو کە زۆر جار ئەم باگراوندە رۆشنبیرییەیان نەبوو، دەبوو لە ئەلفەوە دەست پێبکەن، بە تایبەتی کە زۆربەیان تەنیا خاوەنی حەزێکی راستەقینە بوون بۆ کاری رۆژنامەنووسی و ئیعلامی هیچی تر، ئەمەش خاڵێکی لاوازی ئەوان بوو، کە دەبوو خەباتێکی زۆر بکەن تا ئاستێك بۆ خۆیان بەدەست دەهێنن. نامانەوێت بڵێین بە تەنیا کاری ئافرەتان لە راگەیاندنی کوردیدا قەیراناوییە، چونکە ئێرە شوێنی باسکردنی قەیرانەکانی ناو راگەیاندنی کوردی نییە، بەڵکو تەنیا ویستم بیری ئەوە بهێنمەوە، کە باری ئافرەتان لە ناو راگەیاندندا لە چاو پیاواندا دووبەرابەر قوورسترە و گرانتر و پڕکێشە ترە. هیوادرام ئەو کچ و ئافرەتانەی لە بواری راگەیاندن و دەزگا رۆژنامەنووسییەکاندا کاردەکەن خۆیان بێنە دەنگ و کێشە و گرفتەکانیان باس بکەن، هەوڵبدەن کاریگەرییەکانی ئەو پێوەرە پیاوانەیانەی بەسەر ئیعلامدا زاڵە لەسەر کاری خۆیان کەم بکەنەوە، ئەویش لە رێگەی کاری بەردەوام و داهێنەرانە، بەڵام دیسان گرفتەکە لە پێوانەکەدایە، کە بڕیار لە کاری داهێنەرانەوە، کاری باش و خراپ دەدات، ئەو پێوەرەش هێشتا هەر بەدەستی پیاوانەوەیە، کەواتە کچان و ئافرەتانی ئیعلام، ئێوە پێویستان بەوەیە بەسەر پیاواندا شۆڕشێك یان کودەتایەك بکەن.



# دیـزایـن Design

د. مەغدید سە پان

دیزاین وشەیەکی ئینگلیزیە بەکوردی دەکاتە: دەستکردن بەکارێك، بە تەواوکردنی، لایەنی هونەری فەرامۆش نەکرابێت. ئەمە پێناسەیەکی گشتیە، بەلاّم دیزاین، لە راستیدا هەموو شتێك لەنێوان زەوی و ئاسمان دەگرێتە خۆی. بۆ جلوبەرگ، جۆری دورینی، هەڵبـژاردنی قوماش، ڕەنگی قوماش...هتد بۆ دروستکردنی کەرەستەی ماڵـەوە، قەبارە، ڕەنگ، هەڵبـژاردنی خام، چۆنێتی دروستکردنی...هتد بەخۆی دەگرێت.

لـەم گوتارەمان هـەوڵ دەدەیـن وردتـر باس لـە خوێـندنی دیزان و پسپۆری لـە بوارەکـانی ئـەم پیـشەیە بکـەین. ئامـانجی سەرەکیـشمان، زۆرتـر باسـکردنە لـە دیزاینی چاپەمەنی و بوارەکانیتر، کە پەیوەندیان بە ڕاگەیاندنەوە هەیە.

لـە هـەموو دەوڵـەتانی پێـشکەوتوی ئـەوروپا، ئەوانـەی دەیانـەوێت لـەم بـوارە بخوێنن و بەو پیشەیە کار بکەن، دەیان شوێنی پێگەیاندن دەرگای بۆیان والاّ و کراوەیە. ئەوەش لـە خوێـندنی ئامادەییەوە دەست پێدەکات، بە ماستـەر و دکتۆرا کۆتایی دێت.

لـەم گوتـارەم، ولاّتـی سـوێد وەك نموونـە دەهێنمـەوە، بـۆ ئـەوەی بـزانین، لـە ولاّتێکی پێشکەوتوی پیشەسازی، چەند بایەخ بەم هونەرە دەدرێت.

## پێگەیاندنی کادری دیزاین

**خوێندنگای ئەرشـیتێکتور لـە سـتۆکهۆڵم:** لێـرە زیـاتر بـۆ خوێـندنی ماستـەر و دکتۆرا خوێندکار وەردەگرن.

**کۆلێژی دیزاینی باکمان لە ستۆکهڵم.** لەم بەشە تا دکتۆرا خوێندکار دەتوانێت لە بوارەکانی، ڕێکلام، فۆرمی گرافیك، مۆدە بخوێنێت، هـەر لـەم بەشە کۆرسی کورتی یەك ساڵەش هەیە.

**کۆلێژی دیزاین لـە ئومیۆ.** خوێـندنی ماستـەر و دکتـۆرا لـە بـواری ئیندوستری "پیشەسازی" هەیە.

**کۆلێژی ێڤلیۆ**، خوێـندنی دکتـۆرا لـە هونـەری کـارکردن لەسـەر: دار و شـەپك و دیزاین بە گشتی هەیە.

**HDK یەتەبۆری**، خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە بوارەکانی: پیشەی دەست، سیرامیك، مۆری و مەرجان و ئەو شتانەی ژن بۆ ڕازاندنەوەی خۆیان بەکاری دەهێنن هەیە.

**لـە قوتابخانـەی سـتێنبی**، کەسـەر بەهـەمان زانکۆیـە، کـار و خوێـندن لەسـەر: ئاسن، قوماش لەگەڵ دیزاینی جلوبەرگ دەکرێت.

**کۆلێژی بۆرۆس:** خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لەسەر ئەو شتانەی پەیوەندیان بە قوماش هەیە.

**فـاکولتێتی هونـەر لـە سـتۆکهۆڵم:** خوێـندنی ماسـتەر و دکتـۆرا لـە بـواری وانەگوتنـەوەی وێنـە، سـیرامیك، شوشـە، چـاپەمەنی، بـەرگ، دیزاینـی ئیندوستری، مێز و قەنەفە، کارکردن لەسەر قوماش، ئاسن، هونەر هەیە.

**زانکۆی لینشۆپینگ:** خوێندنی دکتۆرا لـە دیزاین لەگـەڵ هونـەرەکانی پیشەی دەست، مێز و کورسی هەیە.

**کۆلێژی تەکنیکی لە لوند:** خوێندنی ماستەر لەگەڵ دکتۆرا لـە بـواری دیزاینـی ئیندوستری، ئەرشیتێکت (معماری) هەیە.

ئەوانەی لە سوێد لە دیزاین کار دەکەن، یەك لەو خوێندانەی سەرەوەیان تـەواو کـردووە. لـەخوارەوە باشـتر ڕوونـی دەکەینـەوە، کـە هـەر یـەك لـەو پیشانەی سەرەوە کار لەسەر چ دەکەن؟

## پیشەی دیزاین

**دیزاینی ئیندوستری – پیشەسازی:** لـەم بـوارە هـەموو ئـەو شتانەی لـەبواری پیشەسازی هەن پەرەی پێدەدەن و بەرەو پێشەوەی دەبەن بۆ نموونە: گەسکی کارەبا، تەلـەفۆنی مۆبایل، ئۆتۆمبیل، پاپۆر، شـەمەندەفەر...هتد دەگرێتـەوە.

**کۆمپانیا بڕیار لەسەر:** جۆر و ڕەنگ لەگەڵ هەڵبژاردنی خام بۆ دروستکردنی و شێوەی بەرهەمهێنانی دەدات. دەتوانێت باس لە خەرجی دروستکردنی لەگەڵ ئاسـانترین شـێوەی بـەکار هێنـانی بکـات. ئـەو کەسـەی دیزاینـی ئیندوسـتری دەکـات، هـەوڵ دەدات شـتی نـویٚ بێنێتـە بەرهـەم. لەگـەڵ کارکردن لەسـەر ئـەو بەرهەمانەی لەبازار هەن و پەرە پێدان و باشتر کردنیان.

**ئەرشـیتێکتی ژوور و خـانوو:** پـسپۆر لـەم بـوارە کێـشانی نەخـشەی جـۆری ژوورەکان، خانوو، باڵەخانـە، چێـشتخانە، نووسینگە...هتد کەوتۆتـە ئەسـتۆ. ئەو کار لەسەر شێوە و ڕەنگ، جۆری کاشی یان مافور، کورسی و مێز لەگەڵ قومـاش دەکـات و دەزانێـت، ئەوانـەی ناومـان لەسـەرەوە هێنـا، چـۆن لەگـەڵ ژوورەکـە بگونجێنێـت. ئـەو کـار لەسـەر گـۆڕینی جـۆری دیـوار و پەنجـەرەش دەکات. هـەر ئەو دەزانێـت گۆڕانکارییـەکان یان دروسـتکردنی بەرهـەمی نـویٚ خــەرجی چــەند دەوێــت، بۆیــە زۆرجــار لەدەســتپێکردنی باڵەخانــە، یــان چاکردنەوەی باڵەخانە تا تەواو بوونی بەشدارن.

**ئەرشیتێکتور – معماری:** کاری ئەرشیتێکتور دروستکردنی نەخشەی ڤێللا، خـانو بـۆ کـریٚ، زانکـۆ و قوتابخانـە، باڵەخانـەی تایبـەت بـۆ نووسـینگە...هتـد دەگرێتـە خـۆی. ئەوانـەی سـەرەوە، هەنـدێك لـەو کارانـەی ئەرشیتێکتورن. ئـەو




پێنوس و کۆمپیوتەر بۆ کێشانی نەخشە بەکار دەهێنێت. ئەو جۆر و قەبارەی ژوور، هەڵەکــەوتنی شــوێنیان و جــۆری پەنجــەرەش دەستنیــشان دەکــات. ئەرشیتێکت، دەتـوانیٚ پێشنیاری دانانی ڕەنگ و کەرەستەی بەکارهێنانیش بکـات. کاتێك لەسـەر کۆمپیوتـەر کـار دەکـات، زۆرتـر بەرنامـەی CDA بـەکار دەهێنێت.

بەهۆی بەکارهێنانی ئـەم پرۆگرامـە، ئەرشیتێکت، دەتـوانیٚ تـەواوی خانووەکـە لەسـەر شاشـەی کۆمپیوتـەر ببینێـت. ئەرشـیتێکت، دەتوانێـت لەسـەر خـانوی نویٚ، چاکردنەوەی خـانو، گـەورە کردنـی، یـان نوێکردنـەوەی خـانوی کـۆن کـار بکات.

## ئەرشیتێکتی دەرەوە

لەکاتی دروستکردنی کەڕەکی نویٚ ئەرشیتێکت، نەخشەی ناو شار دەکێشێت، شـوێنی پـارك، مەیـدان و گۆڕەپـان، ناوچـەی پیـشەسازی لەسـەر نەخـشەکە دەستنیشان دەکات و بایـەخی پێدەدات. جگـە لەوانـە، بایـەخ بـە ژینگـە لەگـەڵ

باشی و خراپی زەوی دەدات.

## بەڕێوەبەری هونەر

بەڕێوەبەری هونەر کار لەگەڵ بیری نوێ، چاپکردنی ڕێکلامی سەر کاغەز، ڕێکلام بۆ ڕۆژنامە، بەرگی پەرتوك دەکات. ئەو لە نووسینگەی تایبەت بە ڕێکلام لەگەڵ گروپ کار دەکات. لەم بەشە بەڕێوەبەری بەرهەم لەگەڵ



بەڕێوەبەری پرۆژە بەیەکەوە کار دەکەن و هەردووکیان تەواوکەری یەکترن. بەڕێوەبەری هونەر کار لەسەر وێنە، فۆرمی چاپەمەنی لەگەڵ دیزاین دەکات. بەڕێوەبەری هونەر کار لەگەڵ زۆر جۆری میدیا وەك: فیلم، TV، رادیۆ، ئینتەرنێت، چاپەمەنی، ڕۆژنامە و ڕێکلامی دەرەوەی ماڵ دەکات.

## نەخشە سازی چاپەمەنی

زۆر جار، جگە لە نەخشە سازی، دیزاینی چاپەمەنیشی پێدەوترێت. ئەو کار لەگەڵ زۆر جۆر شت وەك: چاپەمەنی، پەرتوك چاپکردن، ڕۆژنامە، بەرگی CD، کارتۆنی شت و مەك، فیلم، TV، سایتی ئینتەرنێت...هتد دەکات. بایەخ بە وێنە، فۆنت لەگەڵ وێنە و ڕەنگ هەڵبژاردن دەدات. نەخشەسازی چاپەمەنی، کار لەگەڵ ڕووی دەرەوەی بەرهەم دەکات، کە باس و زانیاری لەسەر ناوەڕۆکی تێدابێت و کڕیار بەئاسانی بەرچاوی بکەوێت. ئەو کار لەگەڵ زۆر جۆر سیمبۆل (ئارم) بەبێ تێکست دەکات. ئەوەی پسپۆر بێت لە نەخشەسازی چاپەمەنی، دەتوانێ لە ڕۆژنامە، دەزگای چاپ و پەخش، کەناڵی تەلەفزیۆن، نووسینگەی ڕێکلام کار بکات.

## ئیلیستراتۆر- نیگارکێش

نیگارکێش زۆر لەگەڵ فیلم، پەرتوك، ڕۆژنامە، گۆڤار، گۆڤاری ئیلیستراتۆری کار دەکات. ئەو زۆبەری جارەکان، کاری نیگارکێشانی پێدەسپێردرێت و بەگوێرەی ویست، مەرجی کێشانی وێنەکەی پێدەدرێت. زۆر جار ئەم هونەرمەندانە، پسپۆرن لەبوارێك وەك تەکنیك و میدیسین. بۆ نموونە: لە گۆڤارە پزیشکیەکان داوا لەو هونەرمەندانە دەکرێت، کە نەخشەی پێویست بۆ گۆڤاری تایبەتی پزیشکی بکێشن. پسپۆری لەم بوارە زۆر گرنگە، تاکو وێنەکە وەك ئۆرگینال دەربچێت. ئەم هونەرمەندە کار لەگەڵ فیلمی کارتۆن بۆ ڕێکلام، یان لە تەلەفزیۆن کار دەکات.

## دیزاینی Webb

ئەوانە لەسەر ئینتەرنێت لاپەڕە دروست دەکەن. لێرە گرنگە بزانن، وشە، وێنە، ڕەنگ و سیمبۆلەکان لەکوێندەر دابندرێت و چۆن وێنە جولێنەرەکان لەگەڵ دەنگ بەکاربهێندرێت. چۆن لاپەڕەکان لینکیان بۆ دابندرێت و بەچ لینك و سایتێك ببەسترێتەوە. ئەم پسپۆرانە لەگەڵ کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت کار دەکەن. ئەوان لەگەڵ چاککردنی وێنەش کار دەکەن، بۆ نموونە: بەرنامەی Photoshop لەگەڵ Fireworks بەکار دەهێنن. بۆ بەرنامە و پرۆگرامی ئاڵۆز، پرۆگرامیست بەکارکردن لەسەری و بەبەکارهێنانی هەڵدەستێت.

## دیزاینی مۆدە

دیزاینی مۆدە کار لەسەر قوماش و جلوبەرگ دەکات. دیزاین لە پرۆسێسی ئیشەکە، لە بیرەوە تا دورینی لەگەڵ دایە. لە هەنگاوی یەکەم، کار لەسەر نەخشە کێشراوەکانی بەردەمی دەکات و ئینجا گروپێك لە درومانچی و بەرگدروی جل و بەرگ لەخۆی کۆدەکاتەوە و یەکەم نموونە، بەرهەم دەهێنن. روشدەدات، نموونەی یەکەم، یەکسەر دەکڕدرێت و راستەوخۆ بۆ کڕیار دەنێردرێت. هەندێك جار هەموو کارەکە لەلایەن دیزاینی مۆدەوە بەڕێوە دەچێت. دیزانی مۆدە دەکرێ کار لە کۆمپانیای بچوك یان گەورە بکات. ڕودەدات، دیزانی جلوبەرگ بەناوی خاوەنی ناوبانگ دەردەکات و هەر بەناوی ئەویش لە جیهان بڵاو دەکرێتەوە.

## دیزاینی قوماش

ئەو کەسە شارەزاییەکی زۆری لە جۆرەکانی قوماش لە خامەوە تا دروستبوونی هەیە، ئەو نەخش و نیگاری تایبەت بۆ قوماش دەکێشێت و لە شوێنی پێویست لەسەر قوماش چاپی دەکەن. ئەوان زۆر کار لەسەر دۆزینەوەی قوماشی نوێ لەگەڵ کار لەسەر قوماشی نوێ وەك: نەسوتانی قوماش، نەرمی قوماش و پاش شوشتنی پێویست نەبوونی بە ئوتو...هتد دەکەن.

## دیزاینی ستراتیژی

پسپۆر لەم بوارە: ستراتیژ بۆ کۆمپانیا دادەنێت و بڕیار دەدات، کڕیارەکان یارمەتیان بدرێت شتیان بە هەرزانتر پێبفرۆشترێت. ئەو یارمەتی کۆمپانیا دەدات، تا دیزاین بەکار بهێنن بۆ باشتر کردنی بەرهەم و بەرەوپێش بردنی بیری کۆمپانیاکان. دیزاینی ستراتیژ، کادیرێکی پسپۆرە و خاوەنی ئەزموونی زۆرە. بیرۆکەی زۆر لا گەلاڵەبووە و بۆ بەکارهێنان و فرۆشتن و بەرەوپێشتر بردنی کۆمپانیا بۆ ماوەی درێژ بەکاریان دەهێنێت.

> **کاری دیزاینی ڕۆژنامە، بابەت و وێنەیە بەسەر لاپەڕی ڕۆژنامە دابەشکردنە. ئەو هەوڵ دەدات، ڕۆژنامە بینینی بیبێزارکەر نەبێت، خوێندنەوەی گران نەبێت، سەردێڕ چاو تێك نەدات، لاپەڕە پڕ و گران نەبێت.**

## دیزاینی ڕۆژنامە

کاری دیزاینی ڕۆژنامە، بابەت و وێنەیە بەسەر لاپەڕی ڕۆژنامە دابەشکردنە. ئەو هەوڵ دەدات، ڕۆژنامە بینینی بیبێزارکەر نەبێت، خوێندنەوەی گران نەبێت، سەردێڕ چاو تێك نەدات، لاپەڕە پڕ و گران نەبێت. جگە لەوانەی سەرەوە، فۆنتی نەرم بۆ سەردێڕ و نووسینی تێکست دادەنێ. کۆمێنتاری بەجێ لە ژێر وێنەکان دەنووسێ. دیزاینی ڕۆژنامە هەوڵدەدات خوێندنەوەی ڕۆژنامە ئاسان بکات و زۆرترین خوێنەر بۆ ڕۆژنامە پەیدا بکات. پاش خوێندنەوەی ناوەڕۆك، دیزانی ڕۆژنامە دەستنیشانی کەم وکورتی دەکات و چارەسەریان دەکات. هەر ئەویش جۆری کاغەز بۆ چاپی ڕۆژنامە هەڵدەبژێرێت.

# رۆژانی تۆرۆنتۆ



نورەدین وەیسی/ تۆرۆنتۆ

ئــــەورۆ بەدەگمــەن شــاریکی گەورەی رۆژئاوایی هەیە یەك زمان ویــــەك کەلــچەرو نـــەژاد بێــت، هەربۆیــەش فرە نــەژادی یەکێکــە لــە سیما هەرە بەرچاوەکانی شارەکانی دنیای پێشکەوتوو، وەلێ تۆرۆنتۆ لە هــەموو شــارەکانی دیکــەی دنیــا جـوداوازترە وخـودان تایبەتمەنـدی خۆیەتی.

لــە زمــانی نەتــەوە رەســەنەکەی باکووری ئەمریکا کەبەهەڵـە ناویـان بە هیندییە سوورەکان رۆیـشتووە، تۆرۆنتـــۆ مانـــای ((شـــوێنی کۆبۆنەوە))یە، وێدەچێ کاتی خۆی کەلــە ســاڵی 1793 ئــەم شــارە ئـــاواکراوە پێـــشبینی ئـــەوەیان کردبێــت، کــە لــەدوارۆژدا ببێتــە شـــوێنی کۆبۆنــــەوەی زۆربــــەی نەتـــەوەکانی دنیـــا. نایـــشارمەوە کەیەکەم جار لێرە دابەزیم تووشـی سەرســـوڕمانیەکی زۆربــــووم و وام هەســـت دەکــرد کۆبوونـــەوەی نەتـــەوەکانی دنیـــا لـــەم شـــارە بەڕێوەدەچێ.

تۆرۆنتــۆ لــە دووبــەش پێکــدێت یەکێکیان ناوەڕاستی شارەکەیە کە **downtown** پێــدەڵێن، ئەویــدیان هەنـــدێ ناوچـــەی دوروبـــــەرە کەبەهەموویان تۆرۆنتـۆی مـەزن کـە **The Greater Toronto AreaGTA** ناســـــــــــراوە ودانیــشتوانەکەی نزیکــەی شــەش ملیۆن و رووبەرەکەشی حەوت هەزار کیلۆمــەتری چوارگۆشــەیە و بــەفرە نەژادترین شاری دنیا دەژمێردرێ، تائێستا نەتەوە یەکگرتووەکان پێنج جـاران پێشبرکێی فـرە نـەژادی لـە نێوان شارەکانی دنیا کردووە و هـەر پێنج جـاران تۆرۆنتـۆ یەکـەم بـووە لــەوبوارەدا. بــەپێی شـــارەوانی تۆرۆنتۆ پتر لە سەدو پەنجا نەتـەوەو زمانی جودا لەوشارەدا هەن.

دوو شتی دەگمەنی دنیا لەم شارەدان، یەکێکیان تاوەری نەتـــەوەیی کەنـــەدا نـــاودێر بـــە Tower CN و ئەویتریشیان جادەی یۆنگ Yonge Street :

## Canada National Tower CN

بـەرزترین باڵاخانـەی دنیایـە، کەبـەبێ هـیچ سـتوونێکی پاڵپـشت دروسـتکراوە، پێـنج سـەدو پەنجاوسـێ مـەتر کـەدەکا هەزاروهەشـت سـەدو پـازدە پـێ بـەرزە، سـاڵی 1973 دەسـت بـە دروسـت کردنـی کـراوەو چـل مـانگی خایانـدووە، کـە رۆژوشـەو 24 دەمـژمێر پـتر لـە هـەزارو پێـنج سـەد کرێکـار ئیـشیان تێـدا کـردووە، دەڵـێن ئەندازیارێکی کـوردی رۆژهـەڵاتی کوردسـتانیش یـەکێك بووە لە نەخشە دارێژەرانی ئەم تاوەرە، وەلێ ئەمە تـەنها قـسەی کوردەکـانی ئێرەیـە، سـاڵانە سـەدان کـەس لەسەرتاسـەری دنیـا سـەردانی دەکـەن، سـەرکەوتن تـا لوتکـەی تاوەرەکـە نزیکـەی نیـو سـەعات دەخایـەنێت ،هەموو ساڵێك رۆژێك بە خۆڕایی دەرگای تاوەرەکە بۆ خەڵك دەخرێتە سەرپشت.

## جادەی یۆنگ ((یەنگ)) Yonge Street:

درێـژترین جـادەی دنیایـە وبەنێوەڕاسـتی تۆرۆنتـۆدا دەڕواو یەکێکە لە جادە هەرە قەرەباڵغەکانی ئێرە، 1896 کیلۆمـەترە، ئەمـەش رەنگـە بکاتـە ئـەوەی دووجـار لـە حاجی ئۆمەرانەوە بچی بۆ بەسرە، جادەکە لە تۆرۆنتۆوە دەسـت پێـدەکاو لـە شارۆچـکەی Rainy River ی کەنەدی هاوسنووری مینیسۆتای ئەمریکا کۆتایی دێت، هەفتانە چەندین چالاکی وفێستیڤالی جۆراوجۆر لەسەر ئـەم جادەیـە وبەتایبـەتیش لـە گۆڕەپـانی دەنـداس Square Dundas، دیارترینیـشیان فێـستیڤاڵی هاورەگەزبازەکانە کەلە هەفتـەی کۆتـایی مـانگی شـەش دەسـتپێدەکاو بـۆ مـاوەی حـەوت رۆژ بـەردەوام دەبـێ ولـەرۆژی حەوتەمدا خـەڵکێکی زۆری تۆرۆنتـۆ بەشداری تێـدا دەکـەن، کـە سـاڵی رابـردوو بـە دوو ملیـۆن کـەس مەزەنـدە کـرا، ئـەم فێـستڤاڵە لـە گـەلێك شـاری دیکـەی دنیـاش دەکرێـت و تێیـدا هاورەگـەزبازەکان بـە رووتـی



دەڕژێنـە سـەرجادە وشانازی بـە هاورەگـەزبازی خۆیـان دەکەن.

## سەرماو خۆکوشتن

کەنەدا بەگشتی ولاٚتێکی سارده و زستانەکەشی درێـژە، وەلێ تۆرۆنتۆ بەبەراورد لەگەڵ هەندێ شاری دیکە زۆر



ساردنییە، زستانان بەگشتی پلەکانی سەرما لە 15 ژێر سفر تێناپەڕن، بەڵام جارجار لە بیستیش رەت دەبن!، کەشناسی لێرە بایەخێکی یەکجار زۆری پێدەدرێت وخەڵك زۆر بەدوای زانینی هەواڵەکانی کەشوهەوادا دەچن ،بەپێی بۆچوونی دەروونناسەکان کەشوهەوا کاریگەرییەکی زۆری بەسەر دەروونی خەڵکەوە هەیەوە، زۆرجاران کەشوهەوای ساردوسڕ و بەستەڵەك نەخۆشی دەروونی دروست دەکات، کە لە دەروونناسیدا بە کاریگەری وەرزەکان بەسەر تێکچوونی باری دەروونی Seasonal Affective Disorder ناسراوە و زۆرجار نەخۆشەکە تووشی خۆکوشتنیش دەبێت، هەربۆیەش ڕێژەی خۆکوشتن لە شوێنە زۆر سارد و بەستەڵەکەکان زۆر بەرزترە تا شوێنەکانی تر.

لەنێوەڕاستی مانگی یازدەوە بەفربارین لێرە دەست پێدەکا تا سەرەتای مانگی چوارو واوەتریش، بۆیەش لەو ماوەدا بەفرێکی یەکجار زۆر دەبارێ و جادەو شەقامەکان پێویستیان بە پاککردنەوە دەبێت، بۆ نمونە، ساڵی 1998 بەفرێکی هێندە زۆر لە تۆرۆنتۆ باریوە، کە حکومەت ناچاربووە سوپا دابەزێنێتە نێوشار بۆ بەفر راماڵین وجادە پاك کردنەوە. بەپێی یاسای شارەوانی هەموو ئەوانەی لە خانوودا دەژین( نەك ئەپارتمان) دەبێ بەردەرگای ماڵەکانیان لە بەفر پاقژکەنەوە دەنا هەر کەسێك لەبەردەمی ماڵێك بەربێتەوە و جێیەکی بشکێت ئەوە خاوەن ماڵەکە سزادەدرێت.

## داری کەنەدا Maple Leaf

تۆرۆنتۆ شارێکی پڕ لەداروبارە، بەتایبەتیش نێوچەی های پارك High Park کە یەکپارچە دارستانە، لە زۆر شوێن هاوینان کە بە کۆڵانەکاندا گوزەر دەکەی



بەدەگمەن تیشکی خۆرت بەردەکەوێت ،پاییزانیش کە گەڵای دارەکان زەرد دەبن دیمەنێکی زۆر سیحراوی بە شارەکە دەبەخشن ، وەلێ کە گەڵاکان دەست بەهەڵوەرین دەکەن، رۆژێکی دەویٚ تا باخی ماڵەکەت خاوێن دەکەیەوە و دەبێ گەڵاکان بخەیە ناو کیسەیەکی سپی دەنا شارەوانی فریێ نادات، بەشی زۆری دارەکان بریتین لە داری مایپل لیف maple leaf ئەم دارە تەنها لەکەنەدا هەیە بۆیە بۆتە سیمبولی ئەم وڵاتە وگەڵای ئەم دارە ئاڵای کەنەدایە، ئەوەی سەرنجراکێشە سمۆرەی سەردارەکانە، کە هەموو شوێنێکیان پڕکردووە. رەنگە ئەگەر لە کوردستان بوایە بازرگانیەکی باشیان پێوە دەکرد و وەکوچۆن (کێشکەی کورای) لە هەولێرێ دەفرۆشن سمۆرەشیان سووربکردبایەوە و بیانفرۆشتبا.

## چەك قەدەخەیە، کوشتنیش بەردەوامە!

بەبەراورد لەگەڵ شارەکانی تری کەنەدا کوشتن لە تۆرۆنتۆ لە رێژەیەکی زۆر بەرزدایە، هەفتە نییە چەند کەسێك نەکوژرێن، زۆربەی جارانیش بکوژەکە وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێ، هەندێ جار خەڵکی پیادە لەسەر جادەکاندا بەر گوللەیەکی وێڵ دەکەوێ و گیان لەدەست دەدا، رۆژی جەژنی کریسمسی رابردوو کچێکی جوانکیلەی قژ زەرد و چاو شین، کە خوێندەڤانی ئامادەیی بوو لەگەڵ هاوڕێکانی روو لەبازاڕ دەکا بۆ شت کڕین، لە ناوەڕاستی شارو لەسەر جادەی یەنگ کەوتە بەر دەستڕێژی کەسێکی نەناسراووودەمودەست گیانی لەدەستدا. ئەم رووداوە خەڵکێکی زۆری خەمبار کرد، تا ئێستاش خەڵك هەر دەستە گوڵ لەبەردەم ئەو دوکانە دادەنێن کە کچەکەی لێ کوژرا ، هەرچەندە بەپێی یاسا چەك هەڵگرتن قەدەخەیە، وەلێ رۆژ بەرۆژیش کوشتن وتوندوتیژی زێتر پەرەدەسێنێ، هەربۆیەش سنووردانان بۆ توندوتیژی بەرنامەی زۆربەی پارتەکان بوو لە هەڵبژاردنی چەند رۆژی رابردوودا.

باسکردنی تۆرۆنتۆ بەچەند لاپەرەیەك تەواو نابێت ئەگەر کرا لە ژمارەکانی داهاتوودا باسی هەندێ لایەنی دیکەی ئەم شارە دەکەین، کە رواندزی گۆتەنی دەڵێی دۆینێ بە زڕەپونگێیە.!

# لە هەولێرەوە بۆ عەممان



ئاکۆ محەممەد

## بەشی دووەم

### عەممان خاوێنترین شاری جیهان

هەر بەرێگەوەبووین شارێکی نیمچە شاخاوەی جوان هاتە بەرچاومان، شارێکی زۆر خاوێن و جوان بوو، بەلام نازانم بۆچی هێندەی دیمەشق بۆ من دڵگیرنەبوو. هەموو شتێکی عەممان خاوێنە، هەتا تاکسییەکانیشیان. ئوردونییەك پێیگوتین سەرۆك شارەوانی عەممان سێ ساڵ پێش ئێستا خەڵاتی پاکترین شاری جیهانی وەرگرت. پیرۆزی بێ بەراستی هەقی خۆی وەرگرتووە خاوێنی بە هەموو شوێنەکانی ئوردنەوە دیارە، پاکپۆش و رێکپۆشی خەلکەکەشی سیمایەکی پاکتری بە پاکی شەقام و بازاڕ و ئاڤاییەکانی شارەکە بەخشیوە.

### کۆنگرەی یەکنەبوونی عەرەب

هەر کە گەیشتینە هۆتێلی ریجنسی عەممان، کە شوێنی مانەوە و سازدانی کۆنگرەی ( پەیماننامەی شەرەفی کاری رۆژنامەنووسی) بوو کە لەلایەن رێکخراوی ریزۆ لیبرتێ ی کەنەدی سازدرابوو بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق و یەکێتی رۆژنامەنوسانی عێراق. لەوێ ئیسماعیل زایير کە رۆڵی بەڕێوەبەری کۆنگرەی بەدەستەوەبوو، بە کوردییەکەی خۆی گوتی ((هاکە بەخێربی))، ئیسماعیل ماوەیەك پێشمەرگە بووە لە شاخەکانی کوردستان و، دوای رووخانی سەددام بووە سەرنووسەری رۆژنامەی (الصباح)ی رۆژانە، کە ئەمریکییەکان پشتوانی دەکەن و ئێستا دەزگای (الصباح الجديدە)ی هەیە رۆژنامەی (الصباح الجديدە) دەردەکات. هەر لەوێ برادەرەکانی خۆم بینیەوە.

( ڤیرۆنیك)ی پرچ زەردی قەد و بالا بەرز و باریك هات بۆ بەخێرهاتنمان، ئیسماعیل گوتی ئەوە وەزیری داراییمانە، ڤیرۆنیك بەرپرسی دارایی رێکخراوە کەنەدییەکە بوو کە هەموو نیوەرۆیەك 35 دۆلاری بۆ خواردنی ئێوارە پێدەداین. ڤیرۆنیك رۆژی یەکەم جلوبەرگێکی رەشی لەبەردابو، گوتم کاك ئیسماعیل چییە تازییەی هەیە گوتی نا لەبێ دۆشی وادەکات. ڤیرۆنیك کەمێك باسی خۆی کرد ئەوەی جێگەی سەرنج بوو گوتی ئەوە مانگێکە دۆستەکەم مردووە. ڤیرۆنیك و هاوکارەکانی کۆنگرەیەکی کردەیی و رێکوپێکی زۆر جیاوازیان لە کۆنگرەکانی کوردستان نیشانداین.

لەو گۆنگرەیەدا دوو رێکخراوی عێراق لە هەندێ شتدا نەدەگەیشتنە یێك، هەندێ جاریش پێکەوە باسی هەندێ شتیان دەکرد کە بۆ ئێمە جێگەی قبوڵ نەبوون، بەلام بەگشتی ئێمە هیچ شتێکی پێچەوانەی بنەماکانی خۆمان لێ قبوڵ نەکردن، دەیانویست باسی "داگیرکەر" و "مقاوەمە" بکەین لە راسپاردە و بەیاننامەی کۆنگرەدا قبوڵمان نەکرد، ویستیان پرۆژەی پەیماننامەی کاری رۆژنامەنووسی ناوی رۆژنامەنووسانی عێراقەوە بێت ئەوەشمان قیول نەکرد. خوا هەڵناگرێ ئیسماعیل زاهیریش لەوەدا هاو هەلوێستی ئێمەبوو. ئەوەی من لەو گۆنگرەیەدا بۆم دەرکەوت بە بوونی ئەو خیلافە نێوخۆییانەی عەرەبەکانی عێراقەوە، ئەگەر کورد پێداگیربن لەسەر هەر داخوازییەك دەتوانن بیانچەسپێنن.

### کێ حیزبی شیوعی پێدەزانێ؟.

شێخ سدیقی هاوسەفەرم زۆر مەراقی بوو بارەگای حیزبی شیوعی ئوردنی بدۆزێتەوە، رۆژی دووەم چووینە دەرێ رۆژنامەیەکی حیزبی شیوعیمان دۆزییەوە، کە ناوی (الجماهیر) بوو. شێخ رۆژی دواتر چاوەرێی منی نەکردبوو کەوتبووە دوای دۆزینەوەی بارەگای حیزبی شیوعی بە تاکسی و بەپێ زۆر گەرابو، نەیدۆزیبووەوە. رۆژی دواتر ئەز و کاك ئەمیر لەگەڵی چوین لە بیرمان کردبوو ژمارە تەلەفۆنیان لەسەر رۆژنامەکە وەربگرین، یان ئەدریسەکەیان لەسەر رۆژنامەکە بنووسینەوە تا بیدەینە تاکسییەك. زۆر زۆر گەڕاین تاوەکو دانەیەکی رۆژنامەیەکی حیزبی شیوعی لە پەرتووکخانەیەك بدۆزینەوە. زۆر پەرتوکخانە و دوکان گەڕاین زۆربەیان هەرناوی رۆژنامەکەشیان نەبیستبوو، لە ئوردنیش وەکو هەموو شوێنەکانی دنیا و جیاواز لە کوردستان، پێویست ناکات بۆ کرینی رۆژنامەیەك تاکسی بگری و بچی بۆ بازاڕ، زۆربەی دوکانی گەرەکەکان رۆژنامە دەفرۆشن، بێجگە لە کتێبخانەکان. پاش گەڕانێکی زۆر دانەیەك لە ژمارە کۆنەکەیان لە پەرتووکخانەیەکدا دۆزیەوە. ئەدرێسەکەمان نیشانی چەند شوفێری تاکسیەکدا هەموویان ئەدرێسەکەیان دەزانی و لە نووسینی ئەدرەسەکە تێدەگەیشتن، بەلام بارەگاکەیان پێنەدەزانی. دواتر لەگەڵ تاکسییەك سواربووین و ئێمەی بردە شوێنی ئەدرەسەکەو گوتی "ئەوە شوێن پێی ئەدرەسەکەتانە"، بەلام چۆن بارەگاکە بدۆزینەوە. لەوناوە لە زۆر دوکان و کەسمان پرسی، کەس پێینەدەزانی، تا دوکاندارێکی بەتەمەن هەر لە نزیك بارەگەکە رێی بارەگاکەی نیشانداین، گوتی لەسەر بارەگای یەکێتی زانایانی عەرەبیە.



# سەفەر بەسەر زەمینی فەرهەنگی جیادا

**بەشی یەکەم**

عەبدولواحد گوانی

**پێش قەلەم:**

**قەدەر** وای کرد دوای بینینی دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشی پەککەوتەیەك، لەگەڵ کۆمەڵێك خوشك و برای مرۆڤ دۆست و هەست ناسك (کۆمەڵەی سۆران بۆ چاودێری پەککەوتەکان) دابمەزرێنین.
کۆمەڵە لەنێو جەنتا قاوەییەکەی بێ بودجە و بێ بارەگا و بێ پرۆژە و بێ کورسی و مێز هەنگاو بە هەنگاو بگاتە وڵاتی هۆڵەندا و لەگەڵ یەکێك لە گەورەترین ڕێکخراوی خێرخواز لەسەر ئاستی ئەوروپا گرێ بەست مۆربکا. ڕۆژی 2005/12/15 لەسەر داوەتی فەرمی ڕێکخراوی liliana fonditon ی هۆڵەندی سەڤەرێکی هۆڵەندام بەرکەوت، کە یەکەم جار بوو بەرەو ئەوروپا هەڵکشێم.
لەماوەی (25) ڕۆژی سەڤەردا لە دوو وێستگەی سەرەکی لە ئاسمانەوە بەسەر خاکی چەندین فەرهەنگی جیا، ڕەنگی جیا، خواردنی جیا، جل و بەرگی جیا، زمانی جیا، زمان و سروشت و بیرکردنەوە و تێڕوانین و سیاسەت و کارگێڕی و سستەمی کۆمەڵایەتی جیاجیادا تێی پەڕاندم.

**لە سلۆپییەوە بۆ ئەنکەرە:**

**هەڵسەنگاندنێکی خێرای ڕەوشی باکوور**

کۆمەڵگەی ئیبراهیم خەلیل وەك دەروازەیەکی نێودەوڵەتی تەمام عەیاردا خۆت بۆ دەنوێنێ، خاوێنی و ڕێکی و جوانی و سستەمی کارکردنی پێش کەوتوو و شێوە دامەزراوەیی سیمای حکومەتی کوردی پێشانی میوانانی کوردستان دەدات.
دوای تەواوکردنی ڕێوشوێنی سەڤەر لە تاکسیەك سوارکراین، کە شوفێرەکەی کوردی کوردستانی باکوور بوو. دواین بازگەی ئاسایشی هەرێم ڕایگرتین بۆ پشکنین، شوفێر گوتی: ئەو پشکنینەی ناوێ هەندێ پاکەتی قاچاخم بارکردوەو دەشیبەم. منیش وەك قائیمقامێك لە لایەك ڕووبەڕووی ئەرکێك بوومەوە، کە دەبێ ئەو قاچاغە بەسەر حکومەتەکەم دا ڕەت نەبێ و لەلایەکی تر هەستی نەتەوەییم و خوێندنەوەم بۆ ئەم ژیانە سەخت و مەرگەساتەی، کە کوردەکانی بەشی تورکیا و ئێران تێیدا دەژین. هەروەك لە حاجی ئۆمەرانیش گیانی لێبوردنی نەتەوەیی زاڵە بەسەرمان، کە دەبینین سەدان لاوی خەڵکی شنۆ و خانێ و لاجان و مهاباد بە کۆڵەپشتەکانیان ئەم شاخە سەختە و، ئەو سڕو سایقە و بازدان بەسەر تەقە و کەمینەکانی پاسداران دەبڕن لە پێناوی بە دەست هێنانی (لوقمەی نان)، بەزەردە خەنەیەکی سەر لێوانم چاوپۆشیم بە برا کوردە ژێردەستەکەم بەخشی.
(پرد) ئەو پەیوەندیەیە، کە سنوری هەرێم بە سنوری تورکیاوە دەبەستێتەوە، یان ڕاستتر بڵێین، (پرد) ئەو پەیوەندیەیە کە هەردوو پارچەی جەرگی منی بەدبەخت بە یەکتری دەبەستێتەوە.
بەهەر حاڵ لەناو ئەو بیرکردنەوە خێرایانەدا ئەو پۆلیسانە بە شێوازێکی ئەمنانە و بە گومانەوە هاتنە پێشێ و هەرچوار دەرگای ئۆتۆمۆبێل و بۆنیت و سەندوقەکەیان واڵا کرد بۆ پشکنینی وورد. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، ئەو بەر و ئەو بەرەی پردەکە بوو، بەری هەرێم سیمایەکی جوان و شارستانی و خاوێن و دامەزراوەیی، بەری باکوور پیس و بۆگەن و ناڕێك و سیمایەکی عەسکەرتاری سەگانە.
لەوێ گوتم سەیر لەوەدایە (کوردەکانی هەندەران، کە دەگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی لە مێژساڵە لە غوربەتن، پەلە پەلیانە بگەنە ئەو بەری پردەکە و هێرش بۆ ماچ کردنی خاك ببەن، باشە ئەوان نازانن ئەوبەری پردەکەش هەر کوردستانە.
لە چاوەڕوانی فیزادا تێبینی ئەوەم کرد ڕۆژانە (15) فیزە بە هەرێم دەدەن (5) بۆ پارتی و (5) بۆ یەکێتی و (5) بۆ تورکمان، بەڵام لە بەڕێکردندا تا (5) فیزەی تورکمانەکان بەڕێ نەکەن، هی پارتی و یەکێتی بەڕێ ناکەن. ئەوانیش گێلن نازانن 5 فیزەکەی تورکمانەکانیش هەر پارتی و یەکێتین، یان (کورد)ن، بە پارە کڕییانە. لەناخەوە ئەفسەری ڕێپێدراو بەمنی دەگوت: دەبێ تا حسەی تورکمان بەڕێنەکەم تۆ چاوەڕوان بی، منیش لە ناخمدا دەمگوت خارە ئەوەی پێش من بەڕێ دەکەی هەر منم.
سیم کارتەکەی (کوڕەك تیلیکۆم) لەوێش دەیکێشا، چاوەڕوانیەکەم پێ پڕکردەوە، تا پارەی تێدامابوو تەلەفۆنی برادەرانم پێ کرد، ڕەت بووین بەرەو شارۆچکەی سلۆپی، شارێکی گەورە و پشتگوێ خراو، بۆ هەرلایەك دەڕوانی (تورك، تورك، تورك، تورك)ە، کە ئاڵا و نووسینی تابلۆکان و پەیکەر و نافورە و...هتد، هەمووی تورك تورکانێ دەنوێنێ، لەناو شاردا گەنجی سەرلێشێواو و پیری داماو لە (80٪) خەڵکەکە تێبینیم کرد، ڕێگامان بڕی سەیری عەرد دەکەم هەمووی دەشتی ڕەش و بەرد و گردی نەوتاویە، سەیری گوند دەکەم ڕووت و ڕەجاڵ و بێ دار وبارە، سەیری خەڵکەکەم دەکرد، ماندوو بێزار و لە غارەغاردایە، سەرەنجام بەناو ئەو هەموو خەمانەدا گەیشتینە خەمی گەورەی کوردان، پێتەختی میرنشینی بۆتان (جەزیرە) و وڵاتی میر بەدرخانی مەزن و بورجابەلەك و مەزارەکەی مەم و زین جەرگ و هەناوی ڕاتەکاندم، ئەو مێژووە پڕ شکۆیە شێوێندراوە، قەڵای میری خاوەن شکۆ مۆڵگایەکی سەربازیە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو هەرەس، بەرەو نەمان ساڵ دەژمێرێ، شار مادام مۆرکی نەتەوەیی کوردی پێوەیە، دەبێ پیس و پڕ زبڵ و بێ گەشە و پەرەپێدان بێ، ڕواندزی سەردەمی بەعسی وەبیرهێنامەوە کە داگیرکەر بە ئەنقەست ناو و ناوبانگ و مێژوو و سیمای ئەم شارەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو نەمان و فەنابوون ئاراستە دەکرد.
منی شاگەشکەی سەڤەری ئەوروپا و جەو گۆڕین و خۆشی بردنە سەر لە نێو مەنگەنەی غەمدا توامەوە، کاتێ کە بینیم بەناو خاکە بە پیتەکەم دوو پەرژینی



ناوەندی ئەنکەرەی پایتەخت (کۆوار)

ڕەزا قورس و ڕەزاگران بە درێژایی سەدان کیلۆمەتر لە جەزیرەوە ملی ناوە تا دەریای سپی ناوەڕاست.
پەرژینی دەستە ڕاست هی دەوڵەتی تورکە و پەرژینی دەستە چەپ هی دەوڵەتی سوریایە، خاکەکەشی هی کوردە. ئەم پەرژینانە دوای (سایکس بیکۆ) دروست کراون، دوای ئەوەی دەوڵەتە کۆڵۆنیالەکان بەپێی بەرژەوەندیەکانی ئەو کاتیان (سێواس و لۆزین)، درایە فەرەنسا کە ئەندامێکی هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان بوو، بەرامبەر بە جێ هێشتنی (شام) ئەمەش هێڵێکی دیکەی سنوری دەستکردی بەنێو کوردستانی یەك پارچەدا داهێنا، بێجگە لەوەی کە پەرژینەکان دیوارێکی زاڵمانەی بەنێو تۆڕی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی کوردەکانی نیشتەجێی درێژایی ئەو سنورە دەستکردە سەپاندوە، کە (مام و برازا) و (خاڵ و خوارزا) و ....هتد لێك جیاکردۆتەوە. بێجگە لەوەش ناوبەینی هەردوو پەرژین، کە سەدان هەزار کیلۆمەتر خاکی بە پیتی کشتوکاڵیە، چاندن و سود لێ وەرگرتنی قەدەغەیە.

## بازگەکانی پشکنین


کوردەکانی کۆنی ئامەد
(کۆوار)

بەو پێیەی کە تورکیا سەرێکی بە ئەوروپاوەیە و فشەفشی ئەوەش دەکات ببێتە ئەندامی بازاڕی ئەوروپی هاوبەش، منیش بەو تێڕوانینە تورکیام خوێندەوە و وام زانی کە لە دەروازەی بچیە ژوورەوە ئیدی ئەوروپایە و تەواو، بەڵام تا دەگەیتە دیاربەکر(ئامەد) وڵات هەر وڵاتی کوردانە و کێشەش لە ئارادایە و بازگە لە دوای بازگە دەت پشکنن، لە خاڵەکانی پشکنینیان پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆ و میت پێکەوەن، کە ئۆتۆمۆبیلەکەت ڕادەگرن و قسەت لەگەڵ دەکەن و هەرچوار دەرگا و سندوق و بۆنیتی ئۆتۆمبێل والاَ دەکەن و زۆر بە مشاوەشی و بەتوندی کون بەکونی سیارەکەت دەپشکنن و سەرنشینەکانی ئەو ئۆتۆمۆبێلەش دەبێ دابەزن، وەك ئەسیری شەڕ دەستی خۆیان بەرزبکەن بۆ پشکنین. هەست بەوە دەکەی ئیدی وڵات وڵاتی شەڕەو تۆ لە بەرەکانی شەڕەوە ڕەت دەبی، بێگومان ئەوە بۆ ئەوەیە، کە ترسێك بدەنە خەڵك بۆ ئەوەی کاردانەوەی لەسەر سایکۆلۆژی کوردەکانی باکوورەوە هەبێ، کە هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێ دابن و بیر لەوە نەکەنەوە ئەولا ئیملایەك بکەن.
منیش ترسێکم لەوە هەبوو کە (کارتی ناونیشان)ەکەم ئالاَی کوردستانی لەسەر بوو، لەوە دەترسام رووبەروی لێپرسینەوەم بکەنەوە. بەڵام لە هەموو خاڵەکانی پشکنین جانتا پڕ لە پرۆپۆزەل و سیدی و وێنە و ڕاپۆرتەکەمیان دەپشکنی، بەڵام کارتەکانیان نەبینی. ئۆتۆمۆبێلەکەشمان تەنیا دوو نەفەری تێدابوو، من و کوڕێکی بارزانی کە نەوەی یەکێك لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی نەمر بوو بۆ سۆفیەتستان، لە ئۆکرانیا کچی پورێکیان پێ بەخشی بوو، ناوەناوە تەلەفۆنێکی بۆ دەکرد بە زمانی تورکمانستانی، ئەو جوامێرە سەرگەرمی دەستگیرانە ئۆکرانیەکەی بوو، تەقەی سەری دەهات نەیدەزانی لەو وڵاتە نە(با)یە نە باران. تا کاروانمان گەیاندە (ئامەد) پایتەختی باکوری کوردستان، لەوێش دەر و دیوار و تابلۆی دوکان و وەلحاسڵ هەموو کون و قوژبنێك، بۆ هەر لایەك دەتڕوانی یەك دیمەنت دەبینی (تورکم، تورکم، تورکم). پایتەختەکە پایتەختی کوردانە، بەڵام هیچ سیمایەکی کوردی بە شارەکەوە نابینی، بێجگە لە هەندێ پیرەمێردی شەرواڵ لەبەری قوڕ بەسەر نەبێت. ئەمە بۆ ڕێبوارێك کە بە پەلە بەشاردا ڕەت دەبێ، بەڵام کە دابەزی بوونی نەتەوەیی لە ڕێگای زمانی هاوبەشەوە خۆی دەنوێنێ.
ئەم جارەش وەکو سەڤەری پێشووترم لە ساڵی 1995 چانسی گەڕان بەنێو پایتەختەکەی باکوورم بۆ نەڕەخسا، تاکسی یەکسەر ئێمەی خستە نێو فرۆکەخانەی دیاربەکرەوە و کاتیش شەو بوو. نوێنەری پارتی کاك زەکی لە چاوەڕوانی میوانانی کوردستان دابوو، کە ئێمە 5 کەس بووین لەم گەشتەدا. زەکی کوڕێکی ڕەزا سوکی خۆش کەرەم بوو، تەرتیباتی سەڤەری بۆ کردین بە مەبەستی فڕین بەرەو ئەنکەرە.

### لە ئامەدی پایتەختی کوردانەوە بۆ ئەنکەرەی پایتەختی تورکان

سەعات 9ی شەو بە فرۆکەیەکی تورکی فڕین بۆ ئەنکەرە، ئەوانەی لە تەنیشتم دانیشتبوون ژن و پیاوێکی کوردی عەلەوی بوون، کوردیان باش نەدەزانی، گوتیان بارزانی یان تاڵەبانی؟ دوو پەنجەی دەستم لێك گیرکردن گوتم ئێستا ئەوە نەماوە بارزانی و تاڵەبانی یەکن و یەکیان سەرۆکی ئێراقە و یەکیان سەرۆکی کوردستانە. شتێکی ئاساییە هەر کەس سەڤەری دەرەوەی هەرێم بکات بۆ هەر کوێ بڕوات لەم پرسە بپرسین لایەنگرانی بارزانی (80٪)ن بەلای کەمەوە. زۆر قسەی باشمان کردن دڵم خۆشکردن، کە کورد ئێستا حکومەت و وەزارەت و ئالاَ و ئاسایش و فرۆکەخانەی هەیە، کە لە فرۆکەخانەی ئەنکەرە دابەزین دیسان (کۆڤان) کوڕێکی گەنجی ڕەزا سوکی نەرم و نیان، بە لوتفێکی زۆر گەرمەوە پێشوازی کردین و ئۆتۆمۆبێلێکی ئامادە کردبوو بۆ گواستنەوە بۆ ناو شار، شەوی یەکەمی ئەنکەرەم زۆر بە خۆشی لەگەڵ دەروێشی سەعدۆدا بردە سەر، مام دەروێش کە لە ماڵباتی بەرێز و تێکۆشەری (بشارێ چەتۆ)یە دوو ڕۆژ بوو لە چاوەڕوانیم دابوو لە ئەنکەرە، مام دەروێش لە تەمەنی 65 ساڵیدایە و ئەندامی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیایە، بە دوور و درێژی ڕووداوی کوژرانی سەعید ئالچی و دوکتۆر شوانی بۆ گێڕامەوە، کە چەندین ساڵ پێکەوە لە ڕیزی پارتی باکوور خەباتیان کردووە. ئێستا وەك کەسایەتییەکی ناسراوی باکوور و دۆستی نزیکی سەرۆك بارزانی و کێشەی ڕەوای کورد دەناسرێت. بنەماڵەکەیان لە چلەکاندا ڕووبەڕو بونەوەیەکی چەکدارانەیان بەرامبەر داگیرکەری تورك بەرپا کردووە. بۆیە خاوەن پێگە و کەسایەتییەکی ناوداری ئەو بەشەی کوردستانی باکوورن. مام دەروێش بەپێی ئەزموونی تێکۆشانی خۆیەوە بیرو بۆچوونی وایە، کە باکوور رزگاری نەبووە هۆی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە باکوور بارزانییەکی نەبووە، هەرچەندە بۆ من شەوێکی پڕ لە ماندووبوون بوو. بەڵام چانسی من لەم دونیایە لەوە گیری خواردووە، کە بۆ هەرکوێیەکی ئەم دونیایە دەچم سیاسەت و گفتوگۆکانی سیاسی و ڕەوشی کوردستان یەخەی دانیشتنەکانم لەگەڵ

دۆست و برادەرانم دەگرێت، نەریت وایە لە سەفەرێکی وا دوور و درێژدا بگەیتە ئوتێلەکانی ئەنکەرە بە تایبەتی چوار ئەستێرەیەکەی (دەدەمان) دەبێ یەکسەر بچیتە نێو وامە سابوناویە گەرم و گوڕەکەوە، کە دەرگای سەلاجەکەی دەکەیتەوە جۆرەکانی خواردنەوە و ئاو و بسکیت و شیر و معەلەباتی تێدایە. کەچی منی باشووری بە سۆزە گەرمەکەی یەکێك لە گەرمترین هەناسەکانی باکوور شادبووم و کردمانە گەرمەی گفتوگۆی کوردانە. خۆشیەکەش لەوەدابوو کە مام درویش و هەڤاڵانی پێشتر لە ناوپردان و لەسەربانی کۆنە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە باوەشی گەرمی منا هەندێك حەسابوونەوە. بێگومان دۆسیەی سەعید ئالچی و دکتۆر شڤان، کە لە سەردەمی شۆرشی ئەیلولدا کوژران. ناحەزانی مەلا مستەفای بارزانی، کە زیاتر لە 30ی ساڵ نانیان بەو قاورمەیەوە خوارد و بارزانیان بەو پرسە تۆمەتبار دەکرد، سەرنجام هەڤاڵانی (ئالچی و شڤان) لە نامیلکەیەکدا راستی رووداوەکەیان روون کردەوە.

## پازدە رۆژ لە چاوەڕوانی فیزادا

دەبوایە لە هەرێمەوە پەساپۆرت و وێنە و زانیاری لە رێگەی مەکتەبی پارتی لە ئەنکەرە بنێرمە باڵوێزخانەی هۆڵەندا و فیزا مسۆگەر بێ، ئینجا سەفەر بکەم بەرەو تورکیا، بەڵام لەبەر ئەوەی هەوەڵ سەفەرم بوو بۆ ئەوروپا ئەو شارەزاییەم نەبوو.
(عومەر میران) بەرپرسی مەکتەبی پارتی لە ئەنکەرە پێی گوتم چاوەڕوانی فیزا لە 15 رۆژ تا 3 مانگ دەخایەنێت. کەوتمە دوو دڵییەکی زۆرەوە، ئاخر من ئیدارەی قەزایەك و 3 ناحیە و 116 گوندم بەجێ هێشتووە، لای من ئەو چاوەڕوانیە مەحاڵ بوو، لە لایەکی دیش هەر خۆی داوەت نامەکەم 15 رۆژ بوو. ئیدی رۆژی 2006/12/17 سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی هۆڵەندا، کە پێشتر عومەر میران پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵدا کردبوو لە چاوەڕوانیم دابوو. ئیدی بەشرە ئینگلیزیەکەم شتێکم لێ حاڵی بوو. لەسەرەتاوە مورەی دەکرد و بەکورتی لێی دەبڕیەوە، بەڵام دوای ئەوەی بۆم شیکردەوە من کێم و بۆچی هاتووم و ئامانجی سەردانم چییە، سەرنجی دا و وتی بەڵگە چییە سەفەرت بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك بێ بۆ منالانی سەقەت، لە راستیدا برادەرانی کۆمەڵە بەتایبەتی سەرکار و مامۆستا تاهیر پرۆگرامێکی زۆر پوخت و زانستیانە و دیکۆمێنتیانەیان بۆ ئامادەکردبووم، 12 پرۆپۆزەڵی ئامادەکراو بە زانیاری و وێنە و پلان و داڕشتنێکی نێودەوڵەتیانە، هەر پرۆپۆزەلێکیش سیدی تۆمارکراوی خۆی لەگەڵدا بوو، کە سەیری کرد خەندەیەکی پێ بەخشیم، هەرچەندە کچێکی نەرم و نۆڵ و جوان نەبوو، بەڵام خەندەکەی بۆ منی بە پەلە، تام و چێژی تایبەتی هەبوو. پاشان وتی خەمت نەبێ هاوکاریت دەکەم، بەڵام دەبێ سەبرت هەبێ، ئیدی ئەم سەبرە 15 رۆژی ڕەبەقی خایاند، دیاربوو ئەم 15 رۆژە کورتترین کات بوو، چونکە وەزارەتی دادی هۆڵەندا بڕیاری دابوو بۆ هەر پەساپۆرتێکی عێراقی رەزامەندی 6 دەوڵەتی ئەوروپی پێویستە، تا



نووسەر لەگەڵ ئیسماعیل بێشکچی دا. (کۆوار)

گەشتیار ( فیزای شەنگن) وەرگرێ. ئیدی من رووم کردە ئینتەرنێت، بەرپرسانی رێکخراوی (لیلیان فوندیشن) وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا و باڵوێزخانەی هۆڵەندایان سەرقاڵ کردبوو، ئیمێل لە دوای ئیمێل و وێنەیەکی ئیمێلەکانیان دەدایە ئێمە.

## دیدار لەگەڵ شێخ ( عەبدولمەلیك فورات )دا

لە هەشتاکانەوە خوازیاری دیتنی (شەرەفەدین ئالچی و عەبدولمەلیك فورات و کەمال بورقای) بووم. عومەر میران وتی دەرفەتێکی باشە سەردانی شێخ مەلیك بکەین و پرسەی برایەکەی لێ بکەین، کە چەند رۆژێکە کۆچی دوایی کردووە. شێخ عەبدولمەلیك نەوەی شێخ سەعیدی پیرانە و لە تەمەنی 70 ساڵیدایە. مرۆڤێکی نەرم و خۆش کەلامە. لەناو هەر نیو سەعاتێك قسەکردندا شیعرێکی خەیامت بۆ دەکاتە پێناسەی روونکردنەوەی گفتوگۆکانی. مام هەژاری رەحمەتی بە بیرهێنامەوە، کە خۆشی هەر لە مام هەژاری رەحمەتی دەچوو، لە دیدارێکی یەك سەعاتیدا منی خوێندەوە و لە راستیدا توانیم پێی بڵێم منیش شتێکم پێ یە.
بۆیە لەو دیدارە فەرمیە ئەتەکێتیەدا بە پێی مەوقعی کاك عومەر میران بوار بۆ تاوتوێ کردنی سیاسەت نەبوو، چونکە دەبێ کاك عومەر وەك دیپلۆماتکارێك تێکەڵی هەموو جۆرە گفتوگۆیەك نەبێ، ئیدی کارت و ناونیشانمان گۆڕیەوە و گەڕاینەوە، دوو رۆژ پاشتر شێخ عبدلمەلیك پەیوەندی پێوەکردم لە نیوەرۆ ژەمێکدا (4) سەعات جڤیاین، شێخ گلەیی زۆری هەبوو لە کاك مەسعود، لە تەلەفزیۆنەکانی باشور دەیگوت "ئەگەر کاك مەسعود بیەوێ زۆر شتی گەورەی بۆ باکوریەکان پێ دەکرێ" دەیگوت "ئێوەی باشوریەکان ئامادە نین نیو سەعات کات لە تەلەفزیۆنەکانتان پێمان بدەن". ئەو حکومەتی ئەردۆگانی پێ هیچ نەبوو دەیگوت "(دەوڵەوتا کوور) ئەم حەلیاندین" مەبەستی لە دەوڵەتی پشت پەردەکان بوو (دەوڵەتی عەسکەر) دەیگوت "ئۆجەلان لە دەستی (دەوڵەتی کوور)دایە"، شێخ فێری کردم ناوی رواندز لەچی هاتووە، دیاربوو ئاشنای مێژوو و کولتور و جوگرافیای کوردستان بوو، کە دەیبینی حەیفت بۆی دێ، پیرێك لە 70 ساڵی دا کە دەوەستێ، دەلەرزێ. بەڵام دەست بەرداری سیاسەت و کوردایەتی نابێ.

## گەڕان بەنێو شەقامەکانی ئەنکەرەدا

بۆ هەر کەسێکی وەکو من 15 رۆژ لە ئەنکەرەدا دەرفەتێکی باشە، نەریت لەم دەرفەتانەشدا واباوە کە لەم هەلە هەڵکەوتوانەدا دەرفەت بە فیڕۆنەدەن و گەڕیانێك بە نێو کچانی شۆخ و شەنگ و باڵابەرز و ناسك و نەرمۆڵەی رەزاسوکی ئەنکەرەدا بکەیت و لە شەوانی ئەنکەرەدا خەمەکانت لە مەیخانە و مەلهاکانی رەنگاورەنگ و گەرم و گوڕی ئەنکەرە ببارێنی، بەڵام منی ئیزعاج دەبێ باری خەمانی باشوور هەڵگرم و بۆ ئەنکەرە و لە جیاتی بارینی خەمەکان و خۆ لەبیرکردنەوە و چوونە ناو خەیاڵی مەستیدا، بچم باری قورس قورسی خەمەکانی باکووری بخەمەسەر. ئیدی چوومە نێو گۆمی خەمانی

باكووريـە بەدبەختـەكان، ديـارە ئەنكـەرە ئێستا وەك مەڵبەنـدێكى سـەرەكى گردبوونـەوەى سياسـەتوان و سياسەتكارانى كوردى باكوورە. بۆيـە ئـەو 15 رۆژەم لێ بـوو بـە 15 چـركە و ژوانـى ديـدارەكانم كەڵەكـەى كرد.

## خەمەكانى باكوور .. ژيانى پڕ لە مەرگەسات

مـن لـەم سـەڤەرەدا ئامـانجێكى سياسـيم نـەبوو، شاندێكى سياسى نەبووم تا بچم ديدار و كۆبوونەوە لەگەڵ سياسەتوان و بيرمەنـدەكانى باكوور سازبدەم، بەڵام نا بەدەستى خۆم وايلێهات، كە زۆربەى هەرە زۆرى سياسەتكارانى باكوور ببينم، لە راستيدا لـەم 15 رۆژە ئـەوەى نـەم بينـى بـوو بينـيم، ئـەوەى نـەم بيـستبوو بيـستم، ئـەوەى نـەم دەزانـى زانـيم، بەقوڵبوونەوە بەناو رەوشى باكوور ئەو راستيەت بۆ روون دەبێتـەوە كـە بەسـەر كـوردى بـاكوور هـاتووە، بەسـەر كـوردى باشـوور و رۆژهـەڵات نـەهاتووە، بـەو قەناعەتـەش گەيشتم كـە ئێمـەى باشووريەكان دەبـێ نانێـك بخـۆين و نــانێكيش بــۆ (سـەدام) بكەينـە خێــر، چــونكە سـەدام شـێتانە و شـەلاتيانە بـەناو كــەوت، ئــەو پياوەتيەشـــى لەگـەڵ كـردين بـە جوملـە كــوردى كوشت و تەقيـەوە لــە دونيـــا و دونياشـــــى وەدەنــگ هێنــا لەسەرمان. بـەڵام سياسـەتى تــــورك سياســـەتێكى ژيرانـــــە و درێژخايـەن و بـێ دەنگـە، ئەگـەر 5 هـەزار هەڵەبجـەيی لـە سـەعاتێكدا كيميابـاران كـران و دونيـاى هەژانـد، بـەڵام تـورك سـەد ئەوەنـدەى لەگـەڵ كوردەكـانى بـاكوور كـردووە، بـەڵام تـاك تاكـە، سياسـەتى تـورك ژيـانى پياوانـە و مەردانـەى بـۆ باكووريـەكان نەهێـشتۆتەوە و كـۆنترۆڵى ژيـان و دارايـى خـستۆتە دەسـتى خـۆى، ئـەوەى بـێ دەنـگ دانيـشێ و باسـى كوردبـوونى خـۆى نـەكات نـانى دەداتـێ، بەڵام ئەوەى كوردايەتى بكات دەگوشرێت تا سـەر ئێسقان و مجـالێكى نامێنێـت گەشـە بـە ژيـانى خێزانى و ئابوورى بدات.

## شەوێك لەگەڵ شەرەفەدين ئالچى

شـەرەفەدين ئالـچى ئەنـدامى دامەزرێنـەرى (پـارتى ديمـوكراتى كوردسـتان _ توركيـا)يـە و ئێـستا لـە سياسەتوان و كەسايەتييێكى دەرەوەى PKKيـە ، بە كەسايەتى ژمارە يـەك دەژمێردرێـت، ئـەو لــە تەمــەنى 60 ســاڵيدايە و خــەڵكى جــەزيرەى بۆتانــە و مــير بەدرخان بە چاكترين ميرانـى كوردى ئـەو سـەردەم دادەنێـت، لايـەنگيرى ستراتيژيەتى بارزانيە لـە سياسـەتدا، پێـــشتر كراوەتـــە وەزيـــرى ئاوەدانكردنـــەوە لـــە حكومـــەتى توركيـــادا، بـــەڵام لەبەرئـــەوەى كوردێكى يەكجار زۆرى دامەزراندوە و لــە وەڵامــى پرسـيارى كـەناڵێكى تەلەفزيۆنيــدا كوردبــوونى خــۆى ڕاگەياندوە و گوتويەتى (من كوردم) پۆستەكەى لـە دەستداوە. ئەو كات وەزارەتـــى (شـــەهيد ســـامى عەبـدولرەحمان)م وەبيرهاتـەوە، كـە وەزيرى شۆڕشى ئەيلول بوو، كاتێك پەيوەنـدى بەغـدا و شۆڕشـى كـورد پــچڕا، وەزيرايەتييەكـەى فـڕێ دا و گەڕايەوە ناوپردان.

شـەرەفەدين، حكومـەت و ميللـەت و سـەركردايەتى سياسـى كوردسـتان وەكـو كەسـايەتيەك حـسابى بـۆ دەكەن، فعلەن ئەگـەر بيەوێت بيكات دەتوانێ شت بكات، لەسەر سەوابتى كوردايـەتى هەڵوێـستى باشـە، بـەڵام وابزانم هەندێ بەرژەوەندى بازرگانى رێگـــاى پـــێ نـــادات بـــچێتە فيدراسيۆنێكى كورديەوە، چونكە لە توركيا يان نابێ كوردايـەتى بكـەى، يـــان دەبـــێ دەســـت بـــەردارى بەرژەوەنديـــە ئابووريـــەكان بيـــت.

(خــەليل بەســەن)م بينــى كــاتى خــۆى ســەرۆكى سـەنديكاى ئەنـدازياران بـووە (ديمێرێـل و ئەجەويـد) لەبەردەسـتى بوونـە، پاشـان بـە بڕيـارێكى حكومـەت گۆشـەگير كـراوە لـە وەرگرتنـى ئـيش وكـار، نـاتوانێ لەسەرانـسەرى توركيـا كاربكـات، ئيـدى كەوتۆتـە مەيخانـە و دەوروبـەرى سـەعات 1 دەسـت بـە عـەرەق خواردنەوە دەكات تا درەنگى شەو ، ڕەنگە شـەويش كـە دەچـێتەوە لاى ژنەكـەى تـا سـەعات 1ى دواى نيوەڕۆ لە خەودابێت. بۆيە كە سەرنجم دا شـەرەفەدين دەيـەوێ تـەنها وەكـو كەسـايەتيەك خـۆى بنـوێنێ، چــونكە هەســتم كــرد هــەوڵى فــراوان كردنــى پەيوەنديـەكانى خـۆى نـادات، زۆر كەسيـشم بينـى حـەزيان دەكرد گفتوگۆى لەگـەڵ بكـەن، دەيـان گـوت شــەرەفەدين ئامــادەيى نييــە، بــەڵام بيــەوێ ئــەو پياوەتيەى پێ دەكرێ.

## كتێبخانەى چوارچرا

كاك فـەتاح كورەكوز، بـاوكى رۆزان و ئـادار گـەنجێكى خـــوێن گـــەرمى خـەمۆكى سـەرقاڵ لـە بنەماڵـــــەى جبرانيەكانـە، پێـشتر ئەنـــــدامى سەركردايەتى (پـارتى ماف و ئازادى – حەق پارتى) بووە. عاشقى بـــــارزانى و رێبازەكەيـــــەتى، كتێبخانەيەكى داناوە لەناوەندى پايتـەختى ئەنكـــەرە بـــەناوى كتێبخانەى چوارچرا، دەبينـــى هەرچـــى كتێبـــى مێـــژوو و ئـەدەبيات و رۆمـان و زمانەوانى كورديە بە هەردوو زمانى توركى و كـوردى لاتينـى لـە كتێبخانەكەيـدا كـۆى كردونەتـەوە، بـەڵام لەبەرئـەوەى pkkنييـە لايـەنگرانى ئـەو حزبـە گۆشـەگيريان كـردووە و بـە كتێبخانـەى بارزانيان لە قەڵم داوە، لەبەرئەوەى هەركەس بێتە لاى موحازەرەيەكى لەسەر كێشەى كورد و رۆڵـى بارزانى دەداتـــێ و كتێبـــى (بـــارزانى و بزووتنـــەوەى رزگـــاريخوازى كوردســـتان)ى بـــەزمانى تـــوركى پێـشكەش دەكـات. هەرچـەندە كتێبخانەكـەى پـارەى كرێـى خـانوو و خـەرجييـەكانى پڕناكاتـەوە، بـەڵام فەتاح بڕيارى داوە دەست بەردارى نەبێ، تا من لـەوێ بـووم ئاگـام لێ بـوو پارچـە عـەردێكى لـە گوندەكـەى خۆيانەوە فرۆشت بۆ ئەوەى كرێى خانووى پێ بدات، بــەڵام پــێ دەچــوو ووردە ووردە ببێتــە مەڵبەنــدى گردبوونەوەى سياسەتوانان و رۆشنبيرانى كورد.

## بەلگێ _ كچە كوردى شۆخ و شەنگى دێرسمی

لە كاتى يەكترناسينمان برادەر گوتى (ئەڤە قائيمقامێ



لەگەڵ د. محەمەدەمين سەڤەر لە بەردەم پەرلەمانی توركيادا (كۆوار)

کوردستانیٚ یە) بەلگیٚ کچە خوێندکارێکی دوور لە رووداوەکان گوتی (ئەز باشور حەز دکم، بەلیٚ فکرا من بارزانی نینە) کە گوتم ئێمە ئازادین و پەرلەمان و حکومەت و...هتدمان هەیە، گوتی ( دبێژن ل باشوور ئەمریکا و ئیسرائیل هندەك ئاغا و شێخ کردنە حکومەت، بۆ هندیٚ کو دگەل عەرەبا بدەنە شەریٚ)، ئەمە دەقا و دەق سیاسەتی pkk یە کە خستویەتیە بیری گەنجەکانمان لە باکور. دوای ئەوەی گفتوگۆیەکی دوو سەعاتیمان لەسەر سیاسەتی کورد و رەوشی باشور کرد، بەلگیٚ گوتی (دکارم بکەڤم باشور ل داریٚ سینما رول بیبنم) گوتم دەیانی وەك تۆ بەرێزەوە ئەو دەرفەتەیان بۆ رەخسێنراوە، کتێبێکی بارزانی و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردم پێشکەش کرد و هەستم بەگۆڕانێکی خێرای بۆچوونەکانی بەلگیٚ کرد.

## (ئیسماعیل بێشکچی) دۆستی کورد

بێشکچی نازناوی ئەو پیاوەیە، کە مێژوونووس و بیرمەندێکی تورکە، بەلام سەراپای ژیانی خۆی لە خزمەت کێشەی کورد تەرخان کردووە. لەسەر هەڵوێست و پاڵپشتی یەکانی لەبەرژەوەندی کێشەی کورد رووبەرووی سیاسەتی تورك بۆتەوە و ئەنجام 100 ساڵ حوکم دراوە و دوای 7 ساڵ لە بەندیخانە بەر لێبوردنی گشتی کەوتوە. بێشکچی نەخۆش بوو لەگەڵ کۆمەڵێك سیاسەتوان لە نەخۆشخانە چووینە خزمەتی. بەناوی حکومەتی کوردستان چاك و چۆنیم لیٚ کرد، وەك خۆی وتی بەشێك لە ئازارەکانی کەم بوونەوە. ئەوەندە خۆشحاڵ بوو گوتی قائیمقامیٚ کوردستانیٚ بەبیٚ ئاگاداری من نەڕوات و وتی من کوردم خۆشدەویٚ و بەنەتەوەیەکی زوڵم لیٚ کراوی دەزانم تا توانیومەدیفاعم لیٚ کردووە. (ئێستاش خۆم و خێزانەکەمین و هیچ مناڵمان نییە، خانوویەکم هەیە دوو قاتە، قاتی خوارەوەی هی خۆمە و قاتی سەرەوەی هی کوردە، کتێب و لێکۆڵینەوە و مێژووی کورد لەناو ئەو بەشەی خانووم دایە، ئاواتم ئەوەیە لە دوای من نەکەوێتە دەستی تورك و بفەوتیٚ)، دیاربوو ئەو گرنگیەی پیٚ نەدرابوو، کە پێویستە لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە پێی بدریٚ.

## نانێك لە پەرلەمانی تورکیا

د. محەمەدەمین سەڤەر نەوەی سەرکردەی مەزنی کورد (خالد بەگی جبرانی) سەرۆکی بزووتنەوەی (ئیستقلال و ئازادی) کە لە سەرەتایی سەدەی رابردوو سەرکردایەتی راپەرینێکی کوردی کردووە و ئەنجام بەدارا کراوە. سەڤەر کەسایەتیەکی بەڕێزی بەناوبانگە و مالباتەکەیان بە یەکێك لەو ماڵباتە هەرە بەڕێز و بەهەڵوێستەکانی باکور دەژمێردرێن، هەر بۆیەش لە سەردەمی حزبی DP کراوەتە ئەندامی پەرڵەمان. لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی خۆی و حزبی DP لە پەرلەمان نەماون، کوڕێکی لە ئەمریکا قوتابیە و لەبواری کۆپی کردنی زیندەواران دەخوێنیٚ، کچێکی رۆژنامەنووسە لە رۆژنامەی (سباح) کە لە ئەستەمبۆڵ دەردەچیٚ، خەریکی نووسینی کتێبێکە لەسەر (حەرەکەی ئیستقلال و ئازادی). تکای لێکردم هاوکاری بکەم بە کۆکردنەوەی دیکومێنت و زانیاری مێژوویی لەسەر

ئەو بزووتنەوەیە، چونکە لە باشوور ئیسماعیل حەقی شاوەیس ئەندامی ئەو حەرەکەیە بووە. تێڕوانینی جوانی بۆ چارسەری کێشەی کورد هەبوو، لە ماڵەکەیدا وێنەی بارزانی و خالد بەگی جبران و تێکۆشەرانی راپەڕینەکانی کوردستانی هەڵواسی بوو. بەو پێیەی کە ناسنامەی پەرلەمانتاری هەبوو، پێکەوە ژەمێکی نیوەڕۆمان لە چێشتخانە ئەرزانەکەی پەرلەمان خوارد، لەویٚ و لە ماڵ و لە شەقام، لە سیٚ جەولەی یەکتردیتنمان زۆر گفتوگۆی کوردانەمان کرد.

## جێگرانی حزبی ( لەیلا زانا )ش بیر و بۆچوونی خۆیان هەبوو

لە دیدارێکدا لەگەڵ جانب یەلدرم و ئۆرهان جێگرانی ئەحمەد تورکی DTP، کە بە حزبی لەیلا زانا



ناوچەیەکی گەشت و گوزاری شاری ئەنکەرە (کۆوار)

ناسراوە، جانب بیٚ بەئاشکرایی بارزانی وەك رەمزێکی بزووتنەوەی کوردایەتی دەناسی، بەلام ئۆرهان دەیگوت لە باشوور بارزانیان پێشرەوی خەباتی کوردایەتین لە باکوریش PKK.

لەم 15 رۆژەدا دەیان کەسایەتی دیکەم بینی، هەریەك بەجۆرێك بیروڕای خۆی سەبارەت بە رەوشی کوردستان دەردەبڕی، لەوانە (ئیبراهیم کورەکان) لێکۆڵەر و سیاسەتوان دەیگووت باشور تەنها لە دوورەوە هاوکاریمان بکات، بەلام باشتر وایە باشور دەست نەخاتە ناو سیاسەتی کوردی باکور. شاکر ئەپ

ئۆزدەمیر ئەندامی دامەزرێنەری PDKی تورکیا پێی وابوو رەوشی باکور ئاڵۆزە و کەس باوەڕ بە کەس ناکات و پەکەکە و ئۆجەلان رەوشەکەیان تێکداوە، بە بارزانی و ئەمریکا نەبێت بە کەس چاك نابێتەوە، هەروەها شێخ عبدولرەحیم نەوەی شێخ سەعیدی پیران و باوکی کچە ئەکتەری فیلمی کیلۆمەتر سفر (بەلچیم) پیٚ وابوو کلیلی چارەسەری خەمەکانی باکور تەنها لە دەستی (بارزانی)دایە.

## باکور... رەوشێکی ئاڵۆز

بەو بۆچوونە گەیشتم کە رەوشی باکور لە رەوشێکی ئاڵۆزە و 60٪ی گەنجەکان لایەنگری PKK و ئۆجەلانن، ئۆجەلانیش دەوڵەتی ئاشکرای تورکیا شەری دەکات، بەلام (دەوڵەتا کوور) و یان دەوڵەتی سێبەر، کەم و زۆر سوودی لیٚ وەردەگریٚ، چونکە لای ئەو گەنجانە کورد و کوردستان و خاك و نیشتمان و ئازادی و سەرخۆبوون، ئۆجەلانە، ئۆجەلانیش لەدەست تورکانە.

هەرچەندە گۆڕانێکی خێرا بەرێوەیە لە رەوشەکە، لایەنگرانی PKKم وەك سەرلێشێواو هاتنە بەرچاو، لەدەرەوەی PKK حزب و کەسایەتی و سیاسەتکاران ئامادەیی یان تێدا نییە ئیستیعابی وەزعەکە بکەن، هەموویان یەکتری تۆمەتبار دەکەن هەریەك بە جۆرێك، زۆر زەحمەتە بتوانن گردببنەوە و فیدراسیۆنێك پێکبهێنن. لەلایەکی دیکە تێگەیشتم کە ئاستی هوشیاری و رۆشەنبیری زۆر نزمە و سیاسەتی دەوڵەتیش بەرامبەریان زۆر ژیرانە و قورسە، لەهەموو ئەو ئاڵوگۆڕی بیر و بۆچونانە تێگەیشتم، کە ئەوان (رمز)سیمبولێکیان نییە ببێتە فاکتەری یەکخستنەوەیان، هەموو ئومێدەکانیان لە گرنگی پێدانی بارزانی بەوان چڕدەبێتەوە و هەر خۆشیان دەڵێن بۆ بارزانی زەحمەتە لەبەر بەرژەوەندیە ئیقلیمیەکان بتوانیٚ ئەو رۆڵەی ئێمە دەمانەویٚ بیبینیٚ

شوباتی 2006